# ڕەخنە، جیاوازیی بیروڕا، بواری خوێندن*

جوودیت باتلێر
و: پشتیوان هەوشاری

ئازادیی ئاکادمیک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بووەتە دیاردەیەکی جێگای مشتومڕ. لە لایەکەوە لێکۆڵەر و بیرمەندانی کۆنزێرڤاتیڤ ئەو دەستەواژەیە لە کاتێکدا بە کار دێنن کە بیانهەوێ ڕەخنە لە دروستیی سیاسی لە زنکۆدا بگرن، لە لایەکی ترەوە لێکۆڵەرانی پێشکەوتنخواز دەیانهەوێ ئازادیی ئاکادمیک وەکوو بنەمایەک بۆ پارێزگاری لە سەربەخۆیی ئاکادمیک لەبەرانبەر دەستێوەردانی دەوڵەت و کۆمپانییەکاندا بەهێز بکەن. ماوەیەک لەمەو پێش وتووێژێکم لەگەڵ ڕۆبێرت پۆست سەبارەت بە ئازادیی ئاکادمیک پاش ١١ی سێپتامبر بڵاو کردەوە. ئەوە یەکەمین هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی لە چەمکی ئازادیی ئاکادمیک تێبگەین و سنووری ئەو چەمکە بناسین.

پۆست لە بەشی خۆیدا دەڵێ ڕێگایەک کە پارێزەری خۆبەڕێوەبەریی ئاکادمیکە ئەوەیە کە ئیزن بە کۆلێژەکان (مامۆستاکان) بدرێت تاکوو سەبارەت بە بەرنامە فێرکارییەکانیان و دامەزراندنەکان بڕیار بدەن و هەڵیسەنگێنن، چونکە ئەوان بەشێوازێکی پرۆفیشنال لە لقێکی تایبەتدا پەروەردە بوون و ئامادەی وەها هەڵسەنگاندنێکن. پارێزگاری لە ئازادیی ئاکادمیک لەوبوارەدا پەیوەندیی بە توانایی ئێمە بۆ پاراستنیی کەسە لێهاتووەکانەوە هەیە کە لەلایەن کۆلێژکان و لە ڕێگەی پەروەردەی پرۆفیشنال و بە هەڵسەنگاندنی هاوتا هەڵسەنگاندراون.

لە ڕوانگەی پۆستەوە، ژیانی دامەزراوەی ئازادیی ئاکادمیک لەسەر نۆرمگەلێک بەندە کە هەمووان لەسەری کۆکن و لە لایەن چینێک لە مامۆستایانەوە کە لقە زانستییەکان دەناسن دادەنرێن و بەهێز دەکرێن. هەروەها ئەو نۆرمانە ئێمە بۆ ئەنجامدانی هەرچەشنە لێکۆڵینەوەیەک و فێرکارییەک توانا و لێهاتوو دەکات. لەڕاستیدا ئەو نۆرمانە مەرجی ڕەواییبەخشین بەئازادیی ئاکادمیکمانن.

من لەگەڵ پۆست هاوڕام کە خۆبەڕێوەبەریی ئاکادمیک زۆر گرینگە و دەبێ بنەمای ڕەوای خۆی بدۆزێتەوە تاکوو دژ بە دەستێوەردانی ناڕەوای سیاسی و بەڕێوەبەرانە سەبارەت بە بەرنامەی پەروەردە و دامەزراندنی (مامۆستا یان بەگشتی ئەندامانی کۆلێژەکان) بوەستێتەوە و بۆچوونی دژ بەوانی هەبێ. بەڵام من لێرەدا باس لە نیگەرانییەک دەکەم و ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئێمە لە نۆرمی ئاکادمیک وەکوو نۆرمی پیشە و نۆرمی بوارەکانی خوێندن تێبگەین و ئەم نۆرمانە ببنە مەرجی ڕەواییی ئازادیی ئاکادمیک، ئیتر ناتوانین لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەمان لەسەر ڕەواییی ئەو نۆرمانە هەبێ؛ ئەمەیش نەک هەر ئازادیی ئاکادمیک دەخاتە مەترسییەوە بەڵکوو ئەو پارێزگارییەی بە ڕاشکاوی باسی لێوە کرابوو دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هەروەها لەوانەیە داهێنان لە بواری لقەکان و نێوان-لقی زانستدا سنووری لقەکان بشێوێنێت. نۆرمگەلی پرۆفیشنال کە وەکوو نۆرمگەلی بوارەکانی خوێندن لێکدەدرێنەوە ڕەوایی بە ئازادیی ئاکادمیک دەبەخشن؛ بەڵام چ شتێک ڕەوایی بەو خودی ئەو نۆرمانە دەدات؟ ئەگەر ئێمە نەمانتوانی وڵامێکی باش بۆ ئەو پرسیارە بدۆزینەوە ڕەنگە ئێمە لەگەڵ ئەم پرسە ڕووبەڕوو بینەوە: ئێمە دەبێ نۆرمگەلێک قبووڵ بکەین کە ناتوانین ڕەواییان پێبدەین (یا ئێمە ناتوانین پرسیار لە ڕەوایی بکەین) تاکوو ڕەوایی بە ئازادیی ئاکادمیکی ئێمە بدەن.

لە ڕاستیدا حەزی ئێمە بۆ سازکردنی ئازادیی ئاکادمیک لە چوارچێوەی نۆرمگەلی تەنزیمی و پرۆفیشنال کە تەنیا ئەندامانی کۆلێژەکان دەزانن چییە و چۆن بەکار دەهێنرێ، دەبێتە هۆی ساز کردنی پرسێکی دیکە بۆ ئازادیی ئاکادمیک. ئەگەر داهێنانی پەروەردەیی ئەو نرخ و تێچووە بێت کە ئێمە بۆ ڕەوایی دان بە بۆچوونی دژ بە دەستێوەردانە

نەخــوازراوە سیاســییەکان دەیدەین، ئەوە ئێمە کەلتوورێکــی ئاکادمیکی کۆنزێرڤاتیڤ دادەمەزرێنیــن و تەنانــەت داهێنانــی پەروەردەیــی و ئیشــە نێوان-لقییەکانیش ســەرکوت دەکەیــن تاکوو پارێــزگاری لە ئازادیــی ئاکادمیــک بکەیــن. ئێمــە دەبێ بپرسین کە ئازادیی ئاکادمیک بۆ چ کەسێک دەپارێزرێ؟ و بۆ چ کەسێک لەناو دەچێ؟ و ئێمە بــە چ مانایەک ئاکادمیک دەمێنینەوە؟ دەتوانین جیاوازییەکــی جیددی لە بیروڕادا ببینین: نۆرمگەلی پرۆفیشناڵ سنوورگەلێکی پێویســتن کە ئێمە نابێ لێیان دردۆنگ بین ئەگەر ئێمــە بخوازین لە ئازادیی ئاکادمیکیا، پارێزگاری لە نۆرمگەلی پرۆفیشــناڵ بکەین، دەبێ وردبینی لەنێو خۆماندا قەبووڵ بکەین.

ئەم پرســە پڕپێچ و پەنایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە من دوو پرســیاری جیاواز بکەم. یەکەم ئەوەیە کە ڕەخنە لە ئیشی ئاکادمیکدا چییــە و چ پەیوەندییەکــی بــە کێشــەی بوارەکانی خویندنەوە هەیە. ئەگەر پشتیوانی لە شــێوەیەکی تایبــەت لــە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بکرێ، ئێمە چۆن دەتوانین بزانین لێکۆڵینــەوەی ڕەخنەیی چییە؟ پرســیاری دووهەم ئەوەیە کە ئایا ئەو شــتەی کە پێی دەڵێیــن لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیــی، دەتوانێ لەلایەن لقێکــی تایبەتەوە دیاری بکرێ، ئایا ئــەوە لەخۆیدا کردارێکی نێــو ئەو ئەو بوارە زانســتییەیە یــان لێکۆڵینــەوەی ڕەخنەیی دەتوانێ لەسەر تێگەیشتن لە چەمکی ڕەخنە دابنرێت؟

ئەگەرچی ئاشــکرایە کە ڕەخنە بێچمە مودێرنەکــەی لــە فەلســەفەوە وەرگرتووە، هەندێک دەڵێن کە تەنانەت لە چوارچێوەی تایبەتی لقی فەلســەفەدا ناگونجێت. بۆ وێنە لە فەلسەفەی کانتدا، کرداری ڕەخنە نەک لە دەرەوەی بازنەی فەلسەفە و بەگشتی زانکۆدا کەڵکی لێ وەردەگیرێــت بەڵکوو ڕێگایەکە تاکــوو ڕەوایی بنەڕەتیــی بەڕێوەبەرایەتییە گشــتی و حکوومەتییــەکان بخاتــە ژێــر پرسیارەوە.

لــەو ڕووەوە من هیــوادارم بتوانم ئەوە نیشان بدەم کە ڕەخنە لە کاری ئاکادمیکدا، بەشــێوەیەکی بەربڵاوتر پەیوەندیی بە پرسی جیاوازیی بیروڕای سیاسییەوە هەیە کە تێیدا جیاوازیی بیروڕای سیاسی، وەکوو ناڕەزایەتی لە خواســتە ناڕەواکانی دەسەڵاتی گشتی و حکوومەتی فام بکرێ. من لە پێشــدا دەبێ ئــەوە بڵێم کە پێموا نییــە کردەوەی ڕەخنە بتوانێ بۆ تــەواوی ئەو نۆرمانەی کە ئێمە بۆ سازکردنی ئیددیعایەکی بەهێز سەبارەت بە ڕەوایی و ناڕەوایی دەســەڵات بەکاربهێنرێ، بەڵام من وای بۆ دەچم بەکارهێنانی ڕەخنە بۆ هەموو ئەو ئیددیعایانەی کە ئێمە لە ئاکامدا دەمانهەوێ سازی کەین شتێکی پێویستە.

گرینگە کە ئاماژە بەو بەستێنە سیاسییە بکەیــن کە تێیدا وەها پرســیارگەلێک دێنە ئــاراوە- یــان هەر نایەنــە ئــاراوە. لە وڵاتە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکادا دەســتەواژەی ئازادیی ئاکادمیــک، وەکوو مافی کۆلێژەکان دەبینــرێ تاکوو لە دەســتتێوەردانی هێزی کۆمپانــی و بەرپرســانی حکوومەتــی لــە بابەتی ســازکردنی بەرنامــە فێرکارییەکان، هەڵســانگاندنی هاوتــا و لێکۆڵینەوەکانــدا، ڕزگار بــن. لەلایەکــی دیکــەوە، ئازادیــی ئاکادمیک بۆ بەشێک لە لێکۆڵەرەکان وەکوو مافێک دەبینرێ کە پشــتی پێ دەبەســتن تاکــوو بچنە نێــو گرێبەســتەوە لەگەڵ ئەو ســەرچاوە داراییانەی کە پێیان وایە شایستە و گونجاوە و هاوکات مەرجگەلی داســەپاو لەلایەن ئەو ســەرچاوە دەرەکییانەوە قبووڵ دەکەن کە زۆربەی جار کاریگەریی لەســەر دامەزراندنی کەســەکان، بەرنامەی فێرکاری و لێکۆڵینەوەکانیــان هەیە. گرینگە کە ئێمە سەرنج بە هێرش بۆ سەر ئازادیی ئاکادمیک بدەین. ۱ یەکێک لە مەبەستەکانی گەڵاڵەی مافــە ئاکادمیکــەکان ئەوەیە هاوســەنگیی

ڕوانگــەکان لــە ژووری وانەکوتنەوەکانــدا سازبکات[١]. **٢** شێوازی نوێی دەستێوەردانی دەوڵــەت لە ڕێــگای کارکردنی هاوبەشــی یاسای نیشــتمانی، پێکهێنانی دەستەیەک لە ڕاوێژکاران بۆ چاوەدێریی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-لێکۆڵەران چ دەکەن و بە چ لایەنگرییەکەوە- و ڕێکخراوە نوێیەکان دەیانهەوێ فێر کردن و وانە کوتنەوەی ئایین و زانســت بخەنــە چوارچێوەی یاســاوە **٣** زێدە پشتبەســتن بە یارمەتییە دەرکییەکان و ئەنجومەنــی دەرچــووان بــۆ پارســتن و ڕاگرتنی خوێندنی بــاڵا دەتوانێ ببێتە هۆی ســنووردارێتی لــە دابین کردنــی مووچە کە ئــەوەش ڕاســتەوخۆ یان ناڕاســتەوخۆ گوشــار لەســەر بڕیارگەلی ئاکادمیک لەمەڕ دامەزرانــەکان دادەنێت، هەروەهــا دەبێتە هــۆی گەشەســەندن و گۆڕینــی بەرنامــە فێرکارییــەکان و بایــەخ دان بە فۆرمێک لە زانست کە ڕاســتەوخۆ بەرژەوەندی و قازانج بەرهەم دەهێنێ.

بــۆ پشــتیوانییەکی بەهێز لــە ئازادیی ئاکادمیک، دەبــێ ئێمە لەو جۆرە ئازادییەی کە پشــتیوانیی لــێ دەکەیــن تێبگەین و بتوانین شــێوازەکانی گۆڕانــی باس بکەین. ئەگەر بەکارهێنانی ڕەخنەیی هزر، بەشێک لە ئەزموونی ئەم ئازادییە بێت؛ ئێمە دەبێ ئەو مانایەی«ڕەخنەیی»، کە شیاوی داکۆکی کردنە، دیاری بکەین. ڕەخنە ناتوانێ بەســتێنێک بۆ بڕیاردان لەســەر هەر چەشــنە ئازادییەکی ئاکادمیکی تایبەت ســاز بکات، بەڵکوو بە بێ ڕەخنە ناتوانین باســێکی بەهێز لەســەر ئەو بابەتانە بکەین کە لــە ئازادیی ئاکادمیکەوە هەڵقوڵاون. بەکارهێنانی ڕەخنە لە شــێوەی کانتدا لەگەڵ پرســیاری دەستێوەردانی ڕەوا و نــاڕەوای دەوڵەت لە ژیانی ئاکادمیکداگرێ دراوە. ئەگەرچی هۆکارگەلێکی زۆر هەیە کە بۆ وەرگرتنی هەندێــک مانای ڕەخنە نابێت بە کانتەوە بوەستین بەڵام لە ڕوانگەی منەوە خوێندنەوەی کانت و ئاوردانەوە لێی گرینگە.

لــە هەنــگاوی یەکەمــدا، پێکدادانــی کۆلێژەکان ڕێک لێکدانەوەیەکی وا دێنێتەوە پێشــەوە؛ لێکدانەوەیــەک کــە دەیەوێــت جیاوازیی شێوازێک لە بیرکردنەوە کە دەبێت لەلایــەن دەوڵەتەوە پشــتیوانیی لێ بکرێت و شــێوازێک لە بیرکردنەوە کــە دەبێت لە دەســتێوەردانی دەوڵەت بــەدوور بێ، ڕوون بکاتەوە. لە دۆخی نالەباری سەردەمی ئێمەدا تەنیا دەوڵەت نییە کە گوشــار دەخاتە سەر ڕەوتــی ئاکادمیک و ژیانــی فیکری (لۆبییە سیاسییەکان، کۆمەڵەکانی دەرچووانی زانکۆ، میدیا و ناوەندەکانی دیکەی دابینکەری پارە و مووچە-ش وەها کارێک دەکەن)، هەربۆیە هەڵســەنگاندنی دەقی کانــت و دۆخی ئێمە دەتوانــێ لەوەپێــش ســنووردار بووبێت. بۆ پرســیارلە واتاکانی دەقی کانت بۆ ڕۆژگاری ئێمە، من پرسیاری ئەوە ناکەم گەلۆ دەکرێ ئێمە کانت بۆ پرسی ئازادیی ئاکادمیک بەکار بهێنین بەڵکوو ئەوە دەپرســم چۆن دەکرێت ئــەو ئیدیۆمە کانتییە بۆ ســەردەمی خۆمان وەربگێڕین کە بەســوود بێت. ئەمە دەتوانێت پرۆژەیەکــی ئاڵۆز بێت، چــون کانت چەند جۆری جیــاوازی ڕەخنەی هەیە و دەبێ فام بکرێ کە کام تێگەیشتن لە ڕەخنە پەیوەندی بە باســی بواری پەروەردەوە هەیە. گەڕان لە نێــو کانتدا بە مانای پشتڕاســت کردنەوەی فەلسەفەی ئێســتعلایی نییە بەڵکوو بۆ ئەم پرسیارە باشــە کە گەلۆ تێپەڕین بە ڕێگەی فۆڕمی ئێستعلایی بۆچوون و بەڵگەهێنانەوەدا ئاکامێکــی سیاســی و کۆمەڵایەتیــی لــێ دەبێتــەوە. ئێمــە داوا لــە دامەزراوەگەلی مێژوویی وەکوو زانکۆ دەکەین کە پشتیوانی لــە ڕەخنە بکەن، بەڵام ئێمــە بۆ داوەری و هەڵســەنگاندن هەندێک تێگەیشــتنمان لە ڕەخنە هەیە کە بڕێک لە زانکۆکان پشتیوانی لە پێگە و بەکارهێنانی ئەو شــێوە ڕەخنەیە ناکــەن. ئێمە لەســەر چ بنەمایــەک وەها

دادوەری و هەڵسەنگاندنێک دەکەین؟
تێگەیشتن لە ڕەخنە لەگەڵ ئەو شتەی ئێمە پێی دەڵێین لێکۆڵینەوەی کراوە پەیوەندی هەیە، ئێمە وا تێدەگەین کە ئەو شتەی لێکۆڵینەوەی کراوە ساز دەکات، شتێکە کە لێکۆڵینەوە سنووردار دەکات و سنووری کردەوەکانیشی دیاری دەکات. هەموو فۆرمەکانی لێکۆڵینەوە، کراوە و ڕەخنەگرانە نین و ئەو هێلانەی ئێمە لە دەوریان دەکێشین سنوور بەرهەم ناهێن، ئەگەرنا سنوورە کە کردەوەی لێکۆڵینەوەیەک مومکین دەکات. بەکاربردنی ڕەخنە کاتێک ڕوودەدات کە کۆمەڵێک لە پرسیارەکان فۆرموولە بکرێن. ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە ڕواڵەتی ڕەخنەیی تایبەتمەندیی فۆرماڵی پرسیارەکان بناسین و پاشان پۆلێنبەندییەک بکەین کە بەپێی ئەو پرسیارانە بێت کە ئێمە پێمان وایە ڕەخنەگرانەن و ئەوانی دیکە ئاوا نین؛ بەڵکوو ئەم کارە پتر گرێدراوی باری مێژوویییە: ئێمە دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن، لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، جۆری دیاریکراوی پرسیار ناتوانن بکرێن، یا تەنیا لەڕێگەی شکاندنی قەدەغەیەکی دیاریکراوەوە دەکرێن کە ئەو قەدەغەیە کارکردی دیاری کردنی هەلومەرج و سنووردار کردنەوەی پرسیارکەری هەیە؟ ئەم بۆچوونە ڕوانینی ڕەخنەگرانە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هەلومەرجە جۆربەجۆرە مێژووییانە کە چوارچێوەی لە بیرکردنەوەهاتوو و شیاوی‌گوتن دیاری دەکەن، پێناسە دەکات. بە باوەڕی من بەشێک لە چوارچێوەی شیاوی‌گوتن لە ڕێگەی بەسەرکێش ناساندنی هەندێک ڕوانگەی دیاریکراوی فیکرییەوە، دادەمەزرێ. زۆر بەئاسانی دەتوانین بڵێین ڕوانگە سەرکێشەکان ئەوانەن بە گشتی و بە ئاشکرایی بە ناڕەوا دادەنرێن و لەو ڕوانگانە کە بە ئاشکرا بە ڕەوا دەزانرێن جیا دەکرێنەوە. بەڵام وەها چوارچێوەیەک لەمەڕ ئەو شتانەی کە ناتوانرێ بە ڕوونی باسیان لێ بکرێ و بۆ ئەو کردەوانەی کە وەکوو سنوورێک بۆ شتانی شیاوی کوتن پێناسە دەکرێن تووشی شکست دێت. بە واتایەکی دیکە، ڕوانگەی سەرکێش ئەوە نییە کە بەبێ زیان گەیاندن بەو ئایدیایەی کە شیاوی‌گوتنە بکرێت بگوترێت. ڕوانگە سەرکێشەکان وەکوو شتێک بۆ بنکۆڵ کردنی ئایدیای ڕوانگە دەبینرێن. لێرەدا من کەمتر باسی ئەو ڕوانگانە دەکەم کە فۆرمی ڕاگەیاندنیان[۲] هەیە، چون من تێدەگەم کە ئەوانە سەرکێشانە دادەڕێژرێن، بەڵام پتر مەبەستم ئەو ڕوانگانەیە کە تازەن، یان وەک پرسیارگەلێکن لە چوارچێوەیەک کە پرسیارەکانی تێدا دەکرێن.

ئەڵبەت کانت بەجۆرێک لەسەر پێچەوانەی ئەم بابەتە پێداگریی دەکرد. پرسیاری کانت ئەوە بوو کە چۆن ئێمە دەتوانین لێکۆڵینەوە لە زانینی خۆمان سنووردار بکەینەوە هەمیشە بە ئەنجامی دوگم یان گوماناوی نەگەین.[۳] لەسەر چ بنەمایەکی ڕەوا ئێمە دەتوانین بناسین؟ کانت لە ڕێگەی ئەو پرسیارەوە دەیویست جۆری بنەماگەلی کە ڕەاویی دەسەلمێنن پۆلێنبەندی بکات. واتە ئەوانە بەپێی عەقڵ دەسەلمێن و ئەوانەی ناسەلمێن. کانت لە ڕەخنەی عەقلی پەتیدا پشتی بە چەندین مانا و کارکردی ڕەخنە بەستووە، وەکوو: لابردنی مێتافیزیک، سەرکەوتن بەسەر ئەو شتەی کە پێی دەڵێ دەسەڵاتی یەکلاییدیتن (مشتومڕی هەمیشەیی نێوان دوگماتیزم و شک و گومان-گەرایی)، حەول بۆ دروست کردنی بنەمایەکی کارامە بۆ زانست، حەول بۆ دامەزراندنی دادگایەک کە تەواوی ئیددیعاکانی زانین بەوێدا تێپەڕێ، ڕێگایەک بۆ ئاشتیی مەدەنی، تاکە ئامرازێک بۆ دادوەریی کردنی ئیددیعاکانی زانین، ڕێگایەک بۆ هەڵێنجانی ئیددیعاکانی زانین بەپێی بنەما لەپێشووەکان، ڕێگایەک بۆ

جیاکردنەوەی وەها ئێدیعاگەلێک لە ئیدیعا ئەزموونکراو و هزرییەکان. ڕەخنە وەکوو شۆڕشێک وەسف کراوە، شتێک کە کانت وەکوو شۆڕشێک لە ئاستی ڕەوت و شێوازدا ناوی لێ دەبا، ڕێگایەکی پێشکەوتنخوازانە بۆ زانست، ڕێگایەک بۆ بەهێز کردنی ئیدیعا ڕەواکان، ڕێگایەک بۆ ئاگاداری لە هەمووان لەبەرانبەر ڕێبازە زیانبارەکان (بەتایبەتی ئەوانەی لێکدژی، بەلارێدا بردن و زێدەڕۆیی کردن لەخۆ دەگرن)، و ڕێگایەک بۆ وەستان لەبەرانبەر بیری خەڵکدا و لە هەمان کاتدا لە خزمەتی خەڵکدا بوون. بەڵام کانت لە جێگایەک لەم لیستەدا فۆرمێکی تایبەت لە پرسیار پێشنیار دەکات کە بەشێک لە ڕەخنەیە و بە دوو شێوە داڕێژراوە. کاتێک کەسێک ڕەخنە دەگرێت، ئەو کەسە بە سانایی بەستێنێکی ڕەوایی بەخش بۆ هەرچەشنە پرۆژەیەکی زانست دابین ناکات، بەلکووکەسێکە کە کۆمەڵێک پرسیار دەکات کە چۆن حاڵەتی خۆ-ڕەوابەخشی ڕوو دەدات.[۴] ئەو پرسیارانە ئەمانەن: لە چ ڕێگەیەکەوە؟ بە چ مافێک؟[۵]

با ئەم پرسیارانە لە مێشکدا ڕابگرین لە چ ڕێگەیەکەوە؟ و بە چ مافێک؟ ئێمە ڕوانگەی ڕەخنەیی بۆ پرسیارگەلی پەیوەندیدار لەگەڵ بواری خوێندن و ئازادیی ئاکادمیک بەکاردەهێنین. کانت نووسراوەیەکی کورت بەڵام سەرنجڕاکێشی لەژێر ناوی «ڕووناکبینی چییە؟» نووسیوە و فۆکۆش خوێندنەوەیەکی لەسەر ئەو بابەتە هەر بەهەمان شێواز لە ژێر ناوی ڕووناکبینی چییە؟ نووسیوە[۶]. لەوێدا کانت باسی دەکات کە مەبەستی لە ڕەخنە چییە، بەڵام ئەو ئیدیعاکانی خۆی لە ڕێگەی هێنانە ئارای پرسیارگەلێک سەبارەت بە ئازادی و بەکارهێنانی عەقڵ کە دەبێ لە بەکاربردنی گشتییەکەیدا ئازاد بێ و لە بەکاربردنی تایبەتدا دەبێ پێمل و گوێ لە مست بمێنێتەوە، سنووردار کردووەتەوە[۷].

هەندێک کار هەیە کە لە بیاڤی تایبەتدا دەکرێ، بۆ وێنە وەکوو لە بیاڤی بنەماڵە، کلیسا وماڵیات. ئێمە تایبەتمەندیی دەسەڵاتی ئەو نۆرمانە ناخەینە ژێر پرسیارەوە بەڵام تەنیا بۆ ئەوانەی کە تایبەت بە چەمکی سنووردار کراوی گشتین دەچنە ژێر پرسیارەوە. کانت نەک هەر ئیدیعای خۆی سنووردار کردووەتەوە بەڵکوو نیشانی داوە کە بەکارهێنانی ئازادانە و گشتیی عەقڵ، پەیوەندی بە بیاڤی تایبەت و سنووردارەوە هەیە، و دەڵێ ڕەخنەگریی گشتی مەرجێکی ئازادییە و یەکێک لەو مەرجانەیە کە بیاڤی چاوەدێریی دەوڵەت تێیدا ڕوو دەدات و لە دەستتێوەردانی ڕەخنەگرانە بەدووره. ئێمە چۆن دەتوانین لە بیاڤی بەکار هێنانی ئازادانە و گشتیی عەقڵ لە سەر بنەمایەکی تاکەکەسی (تایبەت) و سنووردار، تێبگەین؟ ئەو هێڵە چۆن دەکێشرێتەوە؟ بە چ ئامرازێک؟ بە کام ماف؟

کانت بۆچوونێکی دیکەی سەبارەت بە مشتومڕی نێوان کۆلێژەکان خستووەتە ئاراوە، ئەو پشتیوانیی لەوە دەکرد کۆلێژەکانی یاسا، پزیشکی و حکوومەت، دەبێ لە ژێر چاوەدێریی تەناهی و دەسەڵاتی حکوومەتدا بن و دەبێ فەرمانەکانی دەوڵەت بە شێوازێکی دروست جێبەجێ بکەن و وەکوو یاسا پەسەندی بکەن، هەروەها بواری خوێندنی فەلسەفە دەبێ بەدوور لە هەر جۆرە دەستتێوەردانێک بێت. لە ڕاستیدا فەلسەفە تەنیا لە کاتێکدا دەتوانێ ئازادانە عەقڵ بەکار بهێنێ کە لە بەربەستەکانی پێداویستییە سیاسییەکان بە دوور بێ. دۆخەکانی بەرهەم هێنانی دەق ئاڵۆزە؛ ئەوە لە ساڵی ١٧٩۴ لە بەرانبەر بە کردەوە پێشگیرانەکانی فرێدریک ویلیامی دووهەم نووسراون، لەو کاتەدا کانت داخوازێکی فەرمیی لە دەوڵەتی ئەو کات وەرگرت کە چیدی سەبارەت بە ئایین نەنووسێ. بۆچوون و بەڵگەهێنانەوەی کانت

ئاڵـــۆز و بەگرێوگۆڵە، ئـــەو ناوەندە فێرکارییە باڵاکان وەکوو تیئۆلۆژی، یاسا و پزیشکی -کە ڕاستەوخۆ لە بواری خێرۆمەندی گشتیدان- لەگەڵ کۆلێژە خوارووەکان وەکوو فەلسەفە و مێژوو «کە لە فەرمانی ژوور دەستەکان بۆ فێر کردن خۆدەبوێرن»، جیـــا دەکاتەوە. ئەرکی فەلســـەفە ئەوەیە کە خۆی لەگەڵ «ڕاستیی فێرکاری کە بواری گشتیدا وەدەردەکەوێ»، «داوەریی ئازاد» نیشـــان بدات و پێویستە بە شـــێوازێکی سەربەخۆ دادوەری بکات و تەنیا لە ڕێگای یاســـاکانی عەقڵ نەک یاســـاکانی دەوڵەتەوە، ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدات[٨].

وا پێدەچێ بۆچوونی کانت ســـەبارەت بە بـــواری ڕەخنە پەیوەندیی بـــە جیاوازییەکی ڕوونی بواری خوێندنەوەوە هەیە؛ سیاسەت - وەکوو دەستەبەری جێبەجێ بوونی دەوڵەت فام دەکرێ- بەشێوەیەکی ڕەوا بەسەر هەندێک بـــواری خوێندنی ئاشـــکرادا زاڵـــە و ئەرکی ئەوەیە وەکوو بەســـتێنێک بـــۆ خێرۆمەندیی گشـــتی بمێنێتەوە و ببینرێ و بەشێوەیەکی نارەوا بەسەر هەندێک بواری خوێندنی دیکە کە ئەرکیان کارکردێکی ڕەخنەگرانەیە، تاکوو ڕوانینی گشتی تێســـت بکەن و داخوێانەی دژ بە یاســـاکانی عەقڵن هەڵبسەنگێنێ و لە پەیوەنـــدی لەگەڵ هەموو جـــۆرە ڕێنوێنییە گشتییەکان ســـەربەخۆ بمێنێتەوە. فەلسەفە بەشـــێوەیەکی ئازاد و بەدوور لە هەر چەشنە سەپاندنێک پێناسە کراوە و ئەمەش لە ڕێگای ئەری ڕەخنەگرانەکەیەتی، بەڵام ئەم نەبوونی سنوور و سەپاندنە پەیوەندی بە سنووردارێتی و سەپاندنانەیە کە بە سەر بوارەکانیی دیکەی خوێنـــدن و کۆلێژەکانی دیکەدا ســـەپاوە. لە ڕاســـتیدا ئەرکی ئەوەی کـــە بڕیار بدرێ لە کوێ و لە چ کاتێکدا ئەم داســـەپاندنکارییانە فۆرمێکـــی ڕەوان، کاری فەلســـەفەیە. لـــەو ڕووەوە، ئازادیـــی لێکۆڵینـــەوە بۆ فەلســـەفە پەیوەندی بە نەبوونی ئازادیی زۆری بوارەکانی دیکە خوێندنەوە هەیە. ئازادی فەلســـەفە لە داســـەپاندنکاریی دەوڵەت، پێناســـە کردنی ئەرکی بواری خۆێندنیی فەلسەفەوە هاتووە، واتە ئازادیی فەلســـەفە وەکوو پێشمەرجێکی چێکەری ئیددیعای فەلسەفە بۆ لێکۆڵینەوەی ئازاد و کراوەیە، دۆخێک کە لە نێو بوارەکانی دیکەی خوێندنـــدا نابینرێ. هەربۆیە پێگەی بواری خوێندنی فەلسەفە ئاکامی دەرکەوتنی دەســـتێوەردانی دەوڵەتە. لە ڕاستیدا کاتێک کانت وەها ئیددیعایەک دەکات کە فەلسەفە دەبێ دوور بێ لە ســـنووردارێتی و بوارەکانی دیکـــەی خوێندن دەبێ ســـنووردار بن، ئەم پرسیارە ساز دەبێ کە گەلۆ کانت بەناو بواری فەلسەفەدا قسە دەکات یان وەکوو داوەرێکی ســـەروو-بواریی بوارەکانیی خوێندن قســـە دەکات. من پێموایە سەلماندنی هەردووکیان ڕاستە.

ڕەنگـــە کاتێـــک کانت دەڵێ فەلســـەفە دەبـــێ لە چاوەدێری و زاڵێتیی دەوڵەت ئازاد بێ، ئێمە دەبێ لەســـەر ڕوانینێکی پێچەوانە بدوێیـــن و قبووڵی بکەیـــن. دەوڵەت دەبێ لە فەلســـەفە ئەوە فێر بـــێ کە هێزی خۆی ســـنووردار بکاتـــەوە ڕێگە بـــە کاری ئازاد و گشـــتیی فەلســـەفە بدات. گەرچی فەلسەفە خۆی لە دەســـتێوەردانەکانی دەوڵەت بەدوور دەبینـــێ و خۆی لەچـــاو بوارەکانی دیکەی خوێندن کە دەوڵەت دەســـتێواردانیان تێدا دەکات جیاواز دەبینێ، بەڵام بەو حاڵەشـــەوە خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت پێناســـە دەکات و لەڕاســـتیدا بـــۆ پێناســـە کردنـــی فەلســـەفی لە خۆی، گرێدراوی دەوڵەتە. لە ڕوانگەی کانتەوە کە دەڵێ فەلســـەفە دەبێ لە سیاســـەت بەدوور بێ؛ ئـــەوەی بەئەژمار نەهێناوە کە چۆن هەر ئەو ئازادییە گرێدراوی پێشـــمەرجی ئاشـــکرا و ڕوونی سیاســـی بۆ فەلســـەفەیە، ئەو شـــتەی کە لە تان و پۆی زانکۆدا چنراوە، وەک دریدا بە ڕوونی ئاماژەی پێ کـــردووە و، چۆن گرێـــدراوی حوکمی گشتییە. ئێمە هۆکاری زۆرمان بۆ سەرسامی

هەیە کە گەلۆ ئەم جووڵەیە دەتوانێ فەلسەفە لە سیاسەت بسڕێتەوە یان بە شێوازێکی زۆر سنووردارتری دەوڵەت، ئەمە لە کاتێدایە یەکەم، هێزی دەوڵەت پشتیوانی لە فەلسەفە دەکات و لە ڕێگەی ئەم پشتیوانییەوە دەست لە چاوەدێری بەسەر ئەو ڕێگایانەی فەلسەفە پێیاندا دەڕوا هەڵدەگرێ و دووهەم، جیاوازی لە نێوان بوارەکانی خوێندن (ناوەندە فێرکارییە باڵاکان یان کۆلێژە باڵاکان) کە دەبێ پاساو بۆ شێوازەکانی لێکۆڵینەوە و ئیدیعاکانیان سەبارەت بە زانست بهێنەوە لە چوارچێوەی خێرۆمەندییەکی گشتی کە لەلایەن دەوڵەتەوە دامەزراوە، بە تەواوی دیاردەیەکی نافەلسەفییە، لەم ڕووەوە فەلسەفە لە ڕووی ئەو شتەی کە نییە پێناسە دەکرێ و ئەم پێناسە کردنەش دەستێوەردانی دەوڵەت لە پێکهێنانی زانستی بوارەکانی خوێندن سنووردار دەکاتەوە. شوێنێک کە دەتوانین کاریگەریی فەلسەفە نیشان بدەین ئەوەیە کە سنووردار کردنەوەی چاوەدێریی دەوڵەت شتێکی ڕەوایە و ئەوە بەم مانایەیە ئەرکی گرینگ و ڕەخنەییی فەلسەفە ئەوەیە کە ڕەوایی بداتە هێزیی ناڕەوای دەوڵەت. فەلسەفە نێوی ناوە چرکەساتێک کە دەوڵەت پاشەکشە دەکات یان - دەبێ پاشەکشە لە فەرمانەکای بکات یان ئەوەیکە دەوڵەت فەرمانەکانی لە ڕێگەی بەڵگە هێنانەوەیەک (ئیستدلالێک) ئارستە بکات کە خۆی سازی نەکردووە؛ بەپێچەوانەوە، فەلسەفە چرکەساتێک نێو دەنێ کە لەوێدا بەڵگەهێنانەوە وەکوو هێزێک بۆ دەوری سەربەخۆیانە پێناسە دەکات و ئیمکانێک بۆ جیاوازیی بیروڕای سیاسی دادەمەزرێنێ؛ ئەوەش لە پێناو قبووڵ نەکردنی فەرمان و زاڵێتیی دەوڵەت وەکوو دیاردەیەکی ڕەوایە. ئەگەر فەلسەفە ئەم ئەرکە سەبارەت بە دەستێوەردانەکانی دەوڵەت لە کاروباری زانکۆدا ئەنجام بدات، ئەوە فەلسەفە ئەرکی ڕەخنەگرانەی خۆی ئەنجام داوە و خۆی لە سەروو یان دەرەوەی هێزی دەوڵەت داناوە و ئەرکی گشتیتری ئەوەیە کە سەبارەت بە فەرمانەکان و سیاسەتەکانی حکوومەت کە ڕەواییەکەیان بەشێوەیەکی گشتگیر و بەربڵاو تا ئێستا دانەمەزراوە لێکۆڵینەوە بکات؟

ئێستا هۆکارگەلێکی زۆر هەن سەبارەت بە پرسیار لە پێگەی کانت و بگوترێ ئایا ئێمە دەتوانین بۆچوونی کانت بۆ ئێستا بەکار بێنین یان ئەوەیکە؛ ئەو بۆچوونە بۆچی بۆ ڕوانینی ئێمە لەمەڕ ئازادیی ئاکادمیک و ئەرکی ڕەخنەیی ژیانیی زانکۆییمان بەسوودە. بەڵام لێرەدا دوو خاڵ هەیە کە بۆ ئامانجی باسەکەی ئێمە پڕبایەخن. یەکەم، کرداری ڕەخنە کە لە نێو بواری خوێندنی فەلسەفەدا ڕوو دەدات، بەڵام ئەمە لە هەموو جێگایەک ڕوو دەدا و هەموو جێگایەکیش دەبێتە هۆی پرسیارگەلێکی جیاواز، هەرلەو ڕووەوە ڕەخنە تەنیا بەشی بواری خوێندنی فەلسەفە نییە بەڵکوو هەر بەو جۆرەی دریدا پێداگری دەکات، ڕەخنە لە تەواوی زانکۆدا (واتە تەواوی بوارەکانی خوێندندا) بوونی هەیە. دووهەم: کرداری ڕەخنە تەنیا لە بوارە ناسراوەکانی فەلسەفە و نێو دیوارەکانی زانکۆدا ڕوو نادات، بەڵکوو لە هەموو کاتێکدا پرسیاری ئەوەی کە چ شتێک ڕەواییی فەرمانی حکوومەت و سیاسەت پێکدەهێنێت دەکرێ. هەر بۆیە ڕەخنە پێملی هیچکام لەو ئیدیعایانە نابێ کە دەیانگوت سنوورداریێتی، باشترینی هۆکاری کرداری ڕەخنەیە و سنووردار ناکرێتەوە. ئەوە بەم مانایەیە؛ ئەم تێگەیشتنە لە ڕەخنە کە بەدەستی کانت سازکراوە، لە فۆرموولی کانت تێدەپەڕێ و ساز کردنی مەوادیەکی لە دەقە کانتییەکانیشی لێ دەبێتەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کانت کە لەلایەن دریداوە لە چەندین نووسراوەیدا لە ژێر ناوی چاوەکانی زانکۆدا چاپ بووە، باس

لەســـەر ئەوەیە، چلۆن بوارێکیی خوێندن لە بوارێکی دیکە جیا دەبێتەوە. دریدا بانگهێشت بـــۆ ناخاوێنییەک کــە لە نێـــوان بوارەکانی خوێندنـــدا هەیە دەکات، بەڵام ئەو بەتەواوی بەتایبـــەت لـــە وتووێژێکدا هـــەر بەهەمان نێو، ستایشـــی فەلســـەفە دەکات، هەروەها پرســـیارێکی دیکەش دێنێتە ئـــاراوە؛ گەلۆ ئێمە دەتوانین پشـــت بە عەقڵ بۆ کردەوەی ڕەخنەگرانە ببەســـتین و ئایا ڕەخنە بۆخۆی نە لەبـــەر ئیددیعاکانی عەقـــڵ بەڵکوو لەبەر جیاوازیی بێ دەردیســـەریی نێوان بوارەکانی خوێندن جێگای بـــڕوا بێ. ئەگەر من وەکوو دریدا ڕەخنە لـــە کانت بگرم دەبێ خەریکی خوێندنـــەوەی وتاری تۆماس شـــێلینگ لە ساڵی ١٨٠٣ سەبارەت بە میتودی خوێندنی زانکـــۆکان بـــم. لەوێدا شـــێلینگ باســـێک سەبارەت بە کرداری زانست دەکات کە دەبێ پێش لە ســـنووردار کردەنـــەوەی بوارەکانی خوێندن بن. پاشـــان دریدا دەپرســـێ گەلۆ هزر لە بەرەوەیە و ناتوانێ جیاوازییەکی پتەو لـــە نێوان بوارەکانی خوێندندا ســـاز بکات و ئەم دەستەواژەیەی لە ڕەخنە پێ باشترە کە لە ڕوانگەی ئەو جیاوازیـــی نێوان بوارەکانی خوێندن پەســـند کراوە. پرســـیاری دریدا لە ژێر کاریگەریی شـــێلینگ ئەوەیە چ شتێک پێش گریمانە کراوە لەلایەن ســـنوورداریتیی ڕەخنەییەوە؟ دریـــدا هزر بۆ پەیوەندییەکی لەوەپێـــش ڕادەگـــرێ، پێش لە ســـنووردار کردنەوە، وەکوو دیاردەیەک بۆ تێگەیشـــتن لە فەزایەکی نائاســـیی و دەســـتەمۆنەکراو، یـــان بەلانـــی کەمەوە بۆ ئـــەو فەزایەی کە پێشـــمەرجەکانی فۆرمـــە جێگیرکراوەکانی زانســـت ناتوانێ بە ســـانایی قبووڵ بکرێ. دریدا بە دروســـتی ئەم پرسیارە دەکات کە چۆن پەیوەندیی نێـــوان بوارەکانی خوێندن ســـاز دەکـــرێ لە کاتێکـــدا ئێمـــە ناتوانین ئەگـــەری جێگۆڕکێ لـــە نێـــوان بوارەکانی خوێندندا فەرز بکەین، جێگۆڕکەیەک کە لە زۆربەی کاتەکاندا ســـنووری نێوان بوارەکانی خوێندن وەکوو پێکهاتەیەکی لەرزۆک نیشان دەدات و خودی بوارەکانی خوێندنیش لەبەر پەتی و خاوێن نەبوونەکان وەزاڵە هاتوون کە ناتوانن لەنێو بچن یـــان بەڕێوەبەری بکرێن. ئەم کێشـــەیە لە نێو شـــیکردەنەوەی کانتدا ســـەبارەت بە ڕەخنە لەمەڕ بواری خوێندندا ســـەرهەڵدەدا، ئەم باســـە دێنێتە ئاراوە کە ڕەخنە لە هەر کات و شـــوێنکدا کە کرداری ئازادی عەقڵ ڕوو دەدات سەرهەڵدێنێت. بەم ئاقارەدا ئێمە دەتوانین کرداری سەروو-بواری خوێندنی ڕەخنە بدۆزینەوە کە بنەمایەکیشی لەنێو کانتدا هەبوو، ئەگەرچی کانت نەیتوانی و نەشیکرد وەها ئاکامگەلێک بەدەست بهێنێ.

هەمووی ئەم پرسیارانە گرینگن، بەڵام من دەمهەوێ بڵێم ئێمە پێویســـت ناکات ڕەخنە لە بەشـــە جیاوازە پرۆبلماتیکەکان کە کانت پشتی پێ بەستووە بگرین. من پێموایە کانت ئەو شـــتانەی وا دەبێ لە ئەودیووی ڕەخنەدا بن دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ڕەخنە لە ڕەخنە، لەنێوبردن یان پووچ کردنەوەی ڕەخنە نییە. نەرێ-یەکـــی دوو هێندەیە کـــە ڕەخنە بە ئەوپەڕی بەرزی دەگەیەنـــێ، هەروەها ئەوە لە فۆرمەکانیدا شـــتێکی ئاڵـــۆز و پڕ پێچ و پەنایە کە لەوە پێش نەناســـراوە و ڕێدراویش نەبووە و پێش مەرجە ناڕەخنەییەکان و مانا ناڕاستەوخۆیەکانی کرداری خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بۆ وێنە جیاوازی لە نێوان بواری گشـــتی و تایبـــەت لـــە کانتدا ســـەبارەت بە ڕەخنە و مشـــتومڕی نێـــوان ناوەنـــدە خوێندنەکان (کۆلێژەکان) ڕۆڵێکـــی گرینگی گێڕاوە. هەر بەو جۆرەی لە ســـەرەوە باس کرا فەلســـەفە بێ سێ و دوو و بەتەواوی گشتییە و کرداری ڕەخنەییەکەشـــی جێگایەکـــی لـــە بـــواری تایبەتدا نییـــە. ئەم جیاوازییەی فەلســـەفە لەگـــەڵ بوارەکانـــی دیکـــەی خوێنـــدن لە ڕەهەندی بـــواری تایبەتدا زۆر نییە، یەکێک

لەو خاڵە جیاوازییانە هێزە کە سـەرنجی پێ دراوە تاکوو بە شـێوازێکی باش و ڕێکوپێک لەسـەروو گەیشـتن بە ڕەخنەوە بێ. لێرەدا دەتوانین ببینین کە چلۆن بەکارهێنانی ئازاد و کراوەی ڕەخنە و ئەو جۆرەی من سەبارەت ئیدیعاکانی لە مەڕ حاڵەتی موتەعالییەکەی، دەتوانـێ لەبـەر کاریگەرییەکانی لەسـەر سیاسـەت، قەیران سـاز بکات. ئایا مەرجی فەلسـەفە بۆ جیـاوازی لەگـەڵ بوارەکانی دیکـەی خوێندنا بەسـتێنێکی موتەعالییە یـان بـە ئاشـکرایی ڕێگایەک کـە هێڵی سنووردارکردنەوە دەکێشـێ کە باندۆڕێکی موتەعالی لەسـەر ئەوەی کـە پەیوەندیی بە کام خۆپێناسـەکردنی[٩] فەلسەفەوە، وەکوو بواری خوێندن هەیە، بەرهەم دەهێنێ؟ ئەو سیاسـەتەی کە ئێمە ئامـاژەی پێ دەکەین سیاسـەتی دەوڵەت یان سیاسەتی بیاڤێکی گشتی نییە؛ بەڵکوو سیاسەتی تایبەتی هێزی سـنووردار کردنەوەیـە کە بـە بەردەوامی نێوان دوو بەستێنی پڕ لە کێشەی گشتی و تایبەت لێک جیا دەکاتەوە. ئەگەر ڕێگایەک بـۆ جیاکردنەوەی بواری گشـتی و تایبەت نەبێ؛ ئەوە کاری ڕەخنە تەنیا بە شـێوازێکی نارەوا بۆ بواری گشتی سـنووردار دەبێتەوە. بـواری تایبەت ئەم شـتانە لەخـۆ دەگرێ: هەندێک ڕێوشوێنی پەیوەندیدار بە بنەماڵەوە و ناوەندە ئایینییەکان، پرسگەلێک سەبارەت بـە سـلامەتی و دیسـان بەرهەمهێنانەوە، جیاوازیی ڕەگەزی کار، یاساگەلی پەیوەندیدار بە سێکسواڵیتە و ڕەگەزی (نێرینە و مێینە)، پرسـیار لە دۆخ و ئامرازەکانی بێچم گرتنی بابەتـەکان وەکوو پـەروەردە و فێر کردن و دەست پێڕاگەیشتن بە ناوەندەکانی پەروەردە لە ڕووی چینایەتـی و ڕەگەزی(نژادی)یەوە؛ لـەم ڕووەوە ئـەوە نارەخنەگرانەیە بگوترێ کـە نابێ ڕەخنەیان لێ بگیـرێ یان ئەوەی کە پەیوەندییە پلە نزمەکان وەکوو بەشـێکی سیاسیی سـازکراوی ژیانی کۆمەڵایەتییە و تەنانەت بەشیک لە ڕامانی فەلسەفییە. ئەگەر بە پێی ڕوانینی کانت بڕۆینە پێشێ؛ فەلسەفە لە فەرمان و سیاسەتی دەوڵەتەکان بەدوورە، پاشان فەلسـەفە دەبێتە ئامرازێک بۆ ئەوەی پانتاییی ڕەخنە سـنووردار بکرێتەوە. ئەگەر پرسگەلی بیاڤی تایبەت بێتە ئاراوە؛ بەشێکی فرە لە بیاڤی گشتی و تایبەتدا دەتوانرێ وەکوو دیاردەیەکی ڕەخنەیی بیـری لێ بکرێتەوە، پاشـان فەلسـەفەش دەبێ پێگەی خۆی لە نێوان بوارەکانی دیکـەی خوێندندا لەقیس بدات و بچێتە بوارێکی کۆمەڵایەتییەوە کە نە گشتییە و نە تایبەتە و پرسیارگەلێک بخاتە ڕوو کە ئەرک و کردارەکەی پێناسە بکات.

سـەبارەت بەم شـێوەڕوانینە پێویستە تێگەیشتنمان لە ڕەخنە بگۆڕین بۆ ئاقارێکی کۆمەڵایەتی-سیاسـی و پرسـیار بکرێ کە ئایا ئەو ڕێگایانەی بواری گشـتی و تایبەت دەکێشـنەوە؛ خۆیـان ڕەوان. ئەگەر ڕەخنە وەکوو شـتێکی سـنووردارکراو بە ساحەی کراوەی گشـتی فـام بکرێ، دەبـێ ئێمە پرسـیار بکەین کە ئەم سنووردار کردنەوەیە چـۆن ڕوویداوە. ئـەوە لە ڕێگـەی ئامرازە سیاسـییەکانەوە ڕوودەدا کە خۆی لە ناو ئەو سـاحەتە نیشـان نادات تاکوو بە شێوازێکی ڕوون و دەقیـق هێز لە ڕێگەی ئەو بوارانەی کە دامەزراون و سـەقامگیر بوون سنووردار نەکرێتـەوە. هەر بۆیە ئێمە پێویسـتمان بە شتێکی وەکوو ڕەخنەی ڕەخنە هەیە تاکوو لە جیاوازیدانانی کاریگەرییەکانی هێز تێبگەین و کاریگەرییەکانیشـی پووچـەڵ بکەینەوە. ئیزن بدەن با بۆ چرکەساتێک وەبیر بێنینەوە کە پرسیارە کردارییەکانی ڕەخنە چی لەخۆ دەگـرێ و واتـە چـۆن ڕوو دەدات؟ و لـە ڕێگەی چ ئامرازگەلێکەوە؟ ئەوە بەو مانایەیە کردەوەی ڕەخنە بە ڕاشـکاوی لە پەیوەندی لەگەڵ ئیدیعاکانی هێزی دەوڵەت لەسـەر لێکۆڵینـەوەی ئاکادمیک دەتوانێ ڕوو بدات. ئەگەری ئەوەی هەیە کە هەمیسـان پێگەی

کانتی لە ڕێگەیەکـــی جیاوازەوە بگوترێتەوە. بەگشـــتی؛ کـــردەوەی عەقــڵ کـــە کاری فەلســـەفیی کانت جیا دەکاتەوە، لە ڕاستیدا ئەوە شتێکی ڕەخنەگرانەیە، کەواتە لۆژیکییە بگوترێ ئەو شـــتەی کە دەبێ وەکوو بایەخی زانکـــۆ ڕابگیـــرێ ڕێک کـــردەوەی ڕەخنەیە کە دەپرســـێ بە چ مافێـــک و لە ڕێگەی چ کەرەســـتەگەلێک، دۆکســـایە[١٠]کی دیاری کـــراو وەکوو زەرووەرەتێـــک قبووڵ دەکرێ و و بـــە چ مافێـــک و بە پێـــی چ مافێک و لە ڕێگەی چ کەرەستەگەلێکی دیاریکراو، بڕیار و دەستوورەکانی حکوومەت و سیاسەتەکان وەکوو دۆکســـایەکی پێش-ڕەخنەیی زانکۆ قبووڵ دەکرێ.

دەبێ و دەتوانین کانت دژ بە کانت (واتە خۆی) بەکار بهێنین تاکوو ئەو پرسیارە بێتە ئـــاراوە؛ کە بە چ ئامرازگەلێک و بە چ مافێک کانت پانتاییی عەقڵی گشـــتیی پێکهێناوە؟ و بە پێی چ مافێک و کەرەســـتەیەک کانت هاتووە پانتاییی گشـــتی و تایبەتی لێک جیا کردووەتەوە؟ پرســـیارەکەی دەبێ و دەکرێ دووپـــات بێتەوە و ئـــەو بەســـتێنەی تێیدا پێکهاتووە تێکشـــکێ و ئەو بەستێنانەی کەوا زۆربەی جومگەبەندییەکانی تێیدا پێکهاتووە دەبـــێ و دەکـــرێ بخرێتە ژێر پرســـیارەوە. دەتوانیـــن بڵێین کەســـێک کـــە چی دیکە کانتی نییە، ئەگەر کەســـێک ســـەبارەت بە کانت پرسیار لە کانتییەک بکات کە ئەوەش بە دڵنیاییەوە دەبێ قبـــووڵ بکرێ، تەنانەت لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە پێویســـتە، لەبەر ئـــەوەی لە کۆتاییـــدا ئەو پرســـیارانەی کە هاتووەتە ئاراوە چی دیکە پەیوەندییان بەوەوە نییە و بەوەوە نەبەستراونەتەوە، ئەو پرسیارانە لەلایەن خوێنەرگەلێکەوە هاتوونەتە ئاراوە کە دەیانهەوێ بزانن لە نێوان دەقەکەیدا و کێشە هەنووکەیییەکانی ســـەردەمی ئێمە،دەتوانێ چ وەرگێڕانێـــک (واتـــە چ تێگەیشـــتنێک) لـــە کانت بکـــرێ. ڕەخنەی ڕەخنـــە دەبێتە

دووپات کردنـــەوەی ڕەخنە و بابەتی ڕەخنە بۆ وەرگێڕانی دەقگەلێکە کە لە سەردەمێکی لێک بڵاو و پەرتەوازەی سیاســـیدا خوڵقاوە. ئـــەم کـــردەوە دووقاتییە لـــە هەندێک جار گرینگتریـــن هەوڵێکە بۆ ســـازکردنی مانا لە کانت بۆ سەردەمی ئەڕۆمان.

ئێمـــە مانا بـــە چ شـــتێک دەدەین، بۆ وێنە کاتێک فۆکۆ کانـــت دووپات دەکاتەوە «ڕۆشـــنگەری چییە؟»؛ ئەوە سەردێڕی کانتە کە فۆکۆ لە دەقەکەی خۆیدا بەکاری دێنێ و ناسینێکی ناخۆش لەنێوان خۆی و کانتدا ساز دەکات. لە پێشدا شتێک بە پێی ئەو لە پەنا یەکتر دانانەی ئـــەو دوو وتارەدا دەردەکەوێ ئەوەیە سەردێڕەکەی پرســـیارە، پرسیارێکی هاوبەشە و ئەوە سەردێڕێکە دووجار ڕوودەدا؛ ڕوودانێک کە لە ڕێگەی پرسیارەوە ڕوویداوە و جیاوازە و دووپات بووەتەوە. ئەو شتە چییە؟ فۆکۆ بە ئێمە دەڵێ؛ بەلانی کەمەوە بۆ کانت لەو وتارەیدا ڕۆشنگەری نابێ وەکوو شتێکی سنووردار بە کات و شوێن فام بکرێ بەڵکوو لەهەموو کاتێکدا دووپات دەبێتەوە و جۆرێکی دیاری پرســـیار دەکرێ لـــە چ دۆخگەلێکدا کام دۆکســـا حکوومەت دەکات. پرسینی ئەو پرسیارە کە ڕۆشنگەری چییە؟ بەشێوەیەکی کاریگەر ئیزن دەدات دیســـان ڕۆشـــنگەری ڕووبداتەوە و نیشـــانی دەدات کە ڕۆشنگەری شـــتێکە دەتوانێ ڕووبدات لـــە کاتێکدا وەها پرســـیارگەلێک بێتە ئـــاراوە. هـــەر بۆیە لە هەنگاوی یەکەمدا ئەو شتەی لە خوێندنەوەی دەسبەجێی شێوازی فۆکۆ دێتە ئاراوە ئەوەیە کـــە ڕۆشـــنگەری بەشـــێوەیەکی ڕادیـــکاڵ غەیرە-مێژوویـــی دەبێتەوە و لـــە ڕەهەندی میتودۆلۆژییەوە ڕۆشنگەری دابڕانێکی دیاری مێژوویـــی پێکدەهێنێت. فۆکۆ دەڵێت ئەگەر ڕۆشنگەری دروشـــمێکی هەبێ خۆی لەوەدا نیشان دەدات «غیرەتی(جورئەتی) زانین»[١١]. لە هەنگاوی دووهەمدا ئەو شـــتەی دەبێنرێ ئەوەیە کە بۆ فۆکۆ، ڕەخنە شتێکە پەیوەندیی

لەگەڵ حاڵەتی سووژەوە هەیە یان ئەوەی کە ڕیسکێکی دیارە کە هەڕەشە لە سووژە دەکات لەبەرانبەر ئەو دەسەڵاتە زاڵانەی کە لەبەرانبەر ڕەخنەدا پارێزراون. پێدەچێ ئەو شتەی سەبارەت بە ڕەخنەوە دەیڵێ لە «ڕەخنە چییە؟»[١٢] غیرەتی «فەزیلەت» بێت و لە دواهەمین ڕەنگدانەوەکانی لە لێدوانە نەترسانەکەیدا لە ژێر هەمان نێو دەبینرێ[١٣].

کاتێک فۆکۆ کانت دەخوێنێتەوە؛ ڕەنگە بە شێوەیەکی زانستی خۆی لەگەڵ ڕەوتی هزریی کانتدا ڕێک بخات و تەبابییەک ساز بکات، ئەو بەشێوازێکی هەڵبژاردە کانت دەخوێنێتەوە و ئەو بەشانە لە ئێستدلالی (بەڵگاندنی) کانت کە لەگەڵ جێگۆڕکێ و تەفسیرەکانی یەک ناخوێنێتەوە لادەبا و لەقەڵەمی دەخات. فۆکۆ پەرە بە ئایدیایەکی تایبەت سەبارەت بە ڕۆشنگەری دەدات و بە ئەنجامی ئەو کارە هۆکارێکی پێویست بۆ دابڕان لە کانت دەدۆزێتەوە، تەنانەت بە ئێمەی نیشان دەدات کە دابڕان لە کانت شتێکی تەواو کانتییە. کانت تێگەیشتنێکی دیاریکراو لە ڕەخنە بە ئێمە دەدات کە لەوێدا دابڕان لە کانت شتێکی پێویستە. فۆکۆ باس لەو سەرچاوانە لە دەقەکەیدا دەکات کە کاروباری خۆی پێ بباتە پێشێ و ئێمە دەبێ لەبەر ئەو کارەبە خەتابارێ بزانین. بەڵام فۆکۆ ئەو کارە بە ڕووحییەتێکی ڕەخنەییەوە دەکات؛ ئەو دادوەری دەکات تاکوو بڕیار بدا کانت چ شتێکی بۆ ئەورۆ پێیە. هەر بۆیە فۆکۆ تێگەیشتنێکی کانتی لە ڕەخنە پەرە پێدەدات بەڵام ئەو کارە بە شێوازێک دەکات کە بەشگەلێکی زۆر گرینگ و مسۆگەری نارەخنەیی لە باسەکەی کانتدا پشتی پێ بەستووە لاواز دەکات.

چەند ساڵ لەوە پێش برووس ڕۆبینز[١٤] کوتی کانت و فۆکۆ دوو قەوارە و ڕواڵەتی دژ بە یەکن؛ بەتایبەت کاتێک باس لە بیرکردنەوە سەبارەت بە بوارەکانی خوێندن دەکرێ. ڕابینز دەنووسێ مشتوومڕی کۆلێژەکان، سیاسەت و گرینگییەکانی لەبەرچاو ناگرێ هەربۆیە فەلسەفە دەتوانێ ئیددیعای مافێکی تایبەت بە خۆی بۆ سەربەخۆیی بکات: هیچ دەستوور و فەرمانێک نییە، هەر بۆیەش فەلسەفە ئازادە تاکوو هەموو شتێک هەڵبسەنگێنێ.[١٥] ڕۆبینز وای بیر دەکردەوە کە وەها چاوپۆشییەک لە سیاسەت، بەلانی کەمەوە نە بۆ ئێمە و نە لە ئێستادا ناتوانێ و نابێ ڕووبدات. لەڕاستیدا ڕۆبینز پێی وایە کانت هەڵە دەکات سیاسەت و زانست[١٦] لێک جیا دەکاتەوە، و فۆکۆ کەسێکە بە ئەو(کانت)ی نیشان دەدات وەها ئیددیعایەک مومکین نییە و زانست و هێز بەشێوازێکی نەگۆڕ و بەردەوام لەگەڵ یەکتری لە پەیوەندیدان. ئەو شتەی من دەمهەوێ بیڵێم ئەوەیە کە ڕۆبینز، یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوان کانت و فۆکۆ ون دەکات، بە ڕاشکاوی ڕێک ئەو شتەی ڕەوایی بە بەرەوپێش بردنی هەر جۆرە پرۆژەیەکی زانستی دەدات. گوتنی ئەوەی کە هێز و زانست پەیوەندییەکی نەپچڕاویان لەگەڵ یەکتری هەیە، ئەگەر زەقی نەکەینەوە، پشکی فۆکۆیە لە هزری هاوچەرخی ئێمەدا. لە ڕوانگەی ڕۆبینزەوە ئەوە کێشەی هێزە کە نێوان-بوارەکانی خوێندنی ناچار کردووە، چونکە ئەوە هێزی (کۆمپانیا، سازییەکان و دەوڵەتە) بوارەکانی خوێندن بەرهەم دێنێت و لێیان تێدەپەڕێ و ئامانجێکی هاوبەشیان لەمەڕ دڵەڕاوکێکانیان پێ دەدات.

ڕۆبینز دژ بە تێگەیشتنی وەها مشتومڕی نێوان کۆلێژەکان هۆشداری دەداتە ئێمە و دەڵێ یەکگرتوویی نێوان بوارەکانی خوێندن دەبێ بەپێی پەرچەکردارێکی بەهێز و گشتی بۆ دیاردە گشتییە جۆراوجۆرەکان بێ. من پێم وایە ئەوە ئایدیایەکی باشە و ڕەنگە دەیڤید هۆروۆڤیز[١٧] و یاسای پەروەردەی باڵا و یاسای نیشتمان پەرەستی، درێژە بە بەرهەم هێنانی

هەموو چەشنە یەکگرتووییەک لە نێو ئێمە بدەن. ڕۆبینز بە ڕوونــی پێی وایە بوارەکانی خوێندن دەبێ دژ بە بەتایبەتی کردن، ڕوو لە زۆر بوون و لەناو بردنی دەوڵەتە خۆشبژێوەکان یەکگرنەوە. ئەگەرچی من ئەو ڕوانینە پەسند دەکەم، بەڵام دەمهەوێ بڕێکیشــم دردۆنگی هەبێ چونکە پرســیارگەڵێکی وەکوو ئەوەی چلــۆن سیاســەت لەوەها بەســتێنێکدا فام دەکــرێ و هەروەها ئێمە چلۆن دەتوانین لە ئازادی تێبگەین؛ دەمێنێتــەوە. ئەگەر ئێمە سیاسەت لەجیاتی هێز دانێین دەبێ لەنێوان ئەو تێگەیشــتنە لە سیاسەت کە مەبەستی ئێمەیە جیــاوازی دابنێین. لێرەدا شــتێک زۆر گرینگە، دیارە ئەویــش ئەوەیە ئێمە لە نێوان ئەو ڕوانگانەی کە دەڵێن تەواوی پرۆژە زانستییەکانی ئێمە سیاسین، جیاوازی دانێین، کاتێک ئێمە لەسەر بابەتە زانستییەکان هاوڕا نین، لە ڕاســتیدا ئێمــە دەچینە نێو پێگەی سیاســیی خۆمان و هەوڵ دەدەین براوە بین و ڕوانگەیەک کە بەشــێوازێکی ڕەخنەگرانە دەپرسێ، چلۆن زانست بەشێوەیەکی هاوکات لەگــەڵ هاوئاهەنگییەکی تایبــەت و ڕوونی هێزێکی دامەزراوەیی پێکدێت؟

بە تێگەیشتنی من ئەم چەشنە پرسیارە ڕەخنەگرانەیە بەدڵنیاییەوە سیاسییە بەڵام بە واتایەکی ورد: بناغەی ئەوەی کە کام جۆری ئیددیعاکان بــۆ ڕەوایی ماونەتەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، و پێداگری لەسەر کات و شوێن، تەنانەت کات و شــوێنێکی ڕەوا بۆ خســتنە ژێر پرسیاری ژیانی ئاکادمیک دەکات. بوونی کات و شــوێن بــۆ وەها لێپرســینەوەیەک کەمایەســیی پێگەی کانت نیشــان دەدات یان ئەوەی کە نیشــان دەدات ئەو شــتەی زۆرجــار وەکــوو لێکۆڵینەوەی ئیســتعلایی ناوی لــێ دەبــردرێ لەمــەڕ کۆمەڵێک لە ســازییەکان ـ وکــوو ئــاکام و کاریگەریی کۆمەڵێک لە ســنوورەکانی پێشوو لە نێوان بوارەکانی خوێندندا- و بەبێ چەشــنێک لە پشتیوانیی سازییەیی، پەیجۆری ناکرێ. من لێرەدا شتێکی زۆرتر زیاد دەکەم کە جۆرێک لە ژێر پرســیار خســتنە کە بە پێویستی و مەجبووری لەنێو گرێبەستە هەنووکەییەکان و نۆرمە دامەزراوەکاندا نییە بەلکوو گرێبەست و نۆرمــە هەنووکەییەکان وەکــوو ئامانجی خۆی هەڵدەبژێرێ، و پەیوەندیی بە جیاوازیی بیروڕای سیاسییەوە هەیە. جیاوازیی بیروڕای سیاســی، کردەوەیەکــە لــە هەندێک کاتدا لەلایــەن زۆربەی دەوڵەتەکانــەوە کە دەبنە ئامانجــی ڕەخنە پشــتیوانیی لــێ دەکرێ. هەروەهــا ئەوە کاتێک بە ڕوونی دەردەکەوێ کــە هیــچ پشــتیوانییەک نەبــێ و وەکوو ئاکامی ڕاســتەوخۆ —وەکوو وڵامێک ـ وەها پشــتیوانییەک بوونی نییە. لەو ڕووەوە ئەوە ئیددیعایــەک نییــە لەوەپێش ســاز بووبێ. مــن دەمهەوێ بڵێــم ئەو شــتەی من لەم بەســتێنەدا وەکوو ڕەخنە ئیددیعای دەکەم، لێکۆڵینەوەیەکی بێ نەما (بێ بەستێن) لەسەر ڕەوایی بەســتێنەکانی ئێستایە، شتێک کە لە دەســتەواژەی کانتیدا وەکوو بەکارهێنانی ئازاد و گشتیی عەقڵ، فام دەکرێ بەڵام ئەوە لــە دەرەوەی پانتایی گشــتیدا بۆ بوارێکی کۆمەڵایەتی ـ سیاســی پەرەدەســتێنێ کە ئــەوەش زۆر بەرینتر و ئاڵۆزترە لە جیاوازیی گشــتی/تایبەتە و دەتوانرێ ســەرنجی پێ بدرێت. کرداری ڕەخنە هەر ئەو جۆرەی من بە ســانایی کوتم، لەڕێگەی زانست یا نۆرمە دامەزراوەکان کە دەتوانرێ پێشــبینی کرێن فــۆرم ناگرن؛ هەروەها ئــەوەش نییە بڵێین دەتوانێ ڕووبدات یان لــە داهاتوودا ڕوودەدا جگە لەوەی کە شــوێنگەڵێکی سازییەیی بۆ ڕوودانی ببێ یان نا. خواســتێک بۆ بەرهەم هێنانی جۆرێکی تایبــەت لە دێپارتمانەکان و ناوەنــدەکان دەتوانێ لە وەها ئیددیعایەکی ڕەخنەییدا بــەدی بێ بەو تێگەیشــتنە کە وەهــا لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیــی، ناتوانێ بەبێ پشــتیوانی ســازییەیی درێــژەی بێ.

کرداری ڕەخنە و تەنانەت خواستەکانی، دەتوانێ لە کەلێنەکانی ژیانی سازییەییدا دەرکەوێ (شتێک نییە لە بوارێکی ئیستعلاییدا وەدیبێ)؛ یان ئەوەی کە بەڕوونی لە شوێنگەلێکی نێوان-تۆڕیدا کە سنوورەکانی بواری خوێندن تێیدا بە حەتمی و قایمی نەماوەتەوە ساز دەبێ. شێوەکانی سنووردار کردنەوە، پەیوەندییان بەمەرج و پێشەوەچوونی وەرسووڕانی ئیستعلاییەوە هەیە؛ لەبەر ئەوەی کردەوەی ڕەخنە لە دەسەڵاتی ئێستای بوارەکانی خوێندن یان ئایدیا هەنووکەییەکانی پانتایی گشتی جیایە چونکە ئەو ئایدیایانە بەناچاری پەیوەندییان بەو سنووردار کردنەوانەوە هەیە کە لە ڕێگەی کردەوەدا دەچنە ژێر پرسیارەوە.

ڕەخنە لەگەڵ ئەوەیکە تێگەیشتنە دامەزراوەکانی بوارەکانی خوێندن دەخاتە ژێر پرسیارەوە؛ عەقڵیش دەکاتە ئامانج بەڵام نە بەو ئامانجەی شتی ناعەقڵانی بەرز بکاتەوە. فۆکۆ لە «ڕۆشنگەری چییە»دا دەڵێ ڕۆشنگەری ڕەخنەیە، و ئێمە ڕێگایەکی دیکەمان بۆ تێگەیشتنی نییە و ڕەخنە لەهەموو کاتێکدا کە مرۆڤایەتی عەقڵی خۆی بەکار دەهێنێ ڕوودەدات، بەبێ ئەوەی کە خۆی ببێتە سووژەی هەر چەشنە دەسەڵاتێک (W,p. 38). ئەو جەخت کردنەوەیە لەسەر عەقڵ ڕێک ئەوەی فۆکۆ نییە، بەڵام ئەو لەنێو زمانی کانتدا کاری کردووە تاکوو بزانێ چ شتێک دەتوانێ لەگەڵی بکات. یەکێک لە ئاکامە گرینگەکانی فۆکۆ ئەوە بوو کە ڕەخنە تەنیا جۆرێک لە نا-کوتن نییە بەڵکوو هەوڵێکە بۆ مەودا گرتن و لەنێو بردنی پێکهاتە هەنووکەییەکان. ڕەخنە کردەوەیەکە بۆ ئەوەی لە دۆخە سنوورداڕەکانی بنەمای بەکارهێنانی ڕەوای عەقڵ بۆ ئەوەی بزانین چ شتێک دەبێ بزانین، چ شتێک دەبێ بکرێ و بە چ شتێک دەبێ هیوادار بین (سێ ئامانج کە کانت فۆڕموولەی کردبوو) تێبگەین. تا ئەو ئاستەی کە ئێستا ئێمە دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین، ڕۆشنگەری چییە؟ ئێمە درێژە بە پرسیار دەدەین و تاکوو نیشانی دەین ڕوودانی ڕەخنە ڕانەوەستاوە و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە ڕوودانی ڕۆشنگەرییش بە هەمان شێواز ڕانەوەستاوە. ئەوە پرۆسەیەکی پەیوەندیدار بە وەرگێڕان و گواستنەوەیەکی مێژووییە، تاکوو لێپرسینەوەیەکی دووبارە لەو سنوورانە بکەن کە بەسەر ئەو شتانەی جێگەی پرسیارن داسەپاون.

فۆکۆ باس لەسەر بنەما پێشووەکان ناکا و لە کۆتاییدا لە بیرۆکەی کانتدا سەبارەت بە عەقڵ قەتیس نامێنێتەوە. ئەو شتەی فۆکۆ پێشنیاری دەکات، ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیە، شێوازێک کە ئەو وەکوو نەریتێکی گشتی پێناسەی دەکرد، شێوازێک لە کردەوە و ئاکار کە تایبەت بە کەلتوور یان کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە، کە نیشانەی چەشنێک لە دڵ پێوە بوون یان هۆگرییە و هەروەها ئەوە پرۆسەیەکی بەردەوامە کە خوێ وەکوو پێویستییەک و ئەرکێک پێناسە دەکات. لەم بەستێنەدا ئەو ئاماژە بە مودێرنیتە دەکات و دەڵێ کێشەی مودێرنیتە پرسی قبووڵ کردنی لەناوچوونی کەسێک نییە بەڵکوو «کەسێک ناعیلاج دەکات ببێتە ئۆبژەی وردەکارییەکی سەخت وئاڵۆز. مودێرنیتە. . . [مرۆڤ] ناعیلاج دەکات لەگەڵ ئەرکی خۆی کە بەرهەم هێنەریی خۆیەتی ڕووبەڕوو بێتەوە. (W,p. 42). بۆچی فۆکۆ لە ناکاودا بەرهەمهێنانی کەسێک (خود) لەو بەستێنەدا دێنێتە ئاراوە؟

چ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم داهێنانە، وردەکاری و ئاڵۆزییانە، یان بەرهەمهێنانی خود و پرسی ڕەخنە کە فۆکۆ لەوە پێش باسی کرد هەیە؟ ئەو دەڵێ نەریتە فەلسەفییەکانی مودێرنیتە ڕەخنەیەکی بەردەوام لە سەردەمی مێژوویی ئێمە لەخۆدەگرێ (دەستەواژەیەک کە جێگۆڕکێی دروشمی

شۆڕشی بەردەوامی مائۆئیستی لەخۆدەگرێ). ڕەخنــە بەکاربردنی عەقڵی ئازاد و گشــتی لەخۆدەگــرێ و پێدەچــی جووڵەیــەک لە پێگەی منداڵییەوە بۆ گەورەساڵی بێت، ئەوە بەمانای قبووڵ کردنــی فۆرمە جیاوازەکانی بایەخەکانی دەســەڵات و فەرمانەکانی نییە. لەڕاستیدا واپێدەچێ، بەکارهێنانی سەرپێچی و نافەرمانــی بۆ داهێنانــی وردەکارییەکانی (بەرهەمهێنانی) خود شتێکی پێویستە. ئێستا لێرەدا دوو ڕەهەند ســەبارەت بە تێگەیشتنی ئەو لەمەڕ ڕەخنە بوونی هەیە و پەیوەندییان لەگــەڵ یەکتری هەیە: لەلایەکەوە ڕێگایەکە بــۆ قبووڵ نەکردنی گوێڕایەڵیی دەســەڵاتی دامــەزراو (زاڵ)؛ و لەلایەکــی دیکەوە ئەوە پێویستییەکە بۆ بەرهەمهێنانی خود.

کردەوەی یەکەم نەرێنییە، سەرکێشــی و نافەرمانی؛ کــردەوەی دووهەم داهێنانە و پێدەچێ نافەرمانــی، دەرگایەک بۆ داهێنان دەکاتەوە یان ئــەوەی هەندێک نافەرمانی و مل بــادان، پەیوەندیان بە داهێنانی خودەوە هەیــە. بۆ فۆکۆ؛ ئــەو پەیوەندییــەی نێوان ڕەخنە و بەرهەمهێنانی خۆمان کردەوەیەکە (ڕاهێنانێکــە) بــۆ ئــەوەی جیاوازییەکــی ســەربەخۆیی لــە بەرانبەر بــە جۆرەکانی هیومانیــزم (مرۆڤگەرایــی) ســاز بکەیــن. ئاشــکرایە ئەو شــتەی فۆکۆ ســەبارەت بە ســاز کردنی خــود دەیڵێ لــە کانتدا ڕەنگ ناداتــەوە؛ بەڵام جێگــەی تێڕامانە کە چلۆن کانت لــە مشــتومڕی نێــوان کۆلێژەکاندا لەڕێگــەی کۆمەڵێــک لــە وردەکارییەکانی ڕامانــی خۆی (بیری خــۆی) و فەرمانەکانی (قەواعیــد) ئــاگاداری لە خود بــە ئاکامی باســەکەی دەگات. کانت لە بەشی کۆتاییدا ئەرکی کۆلێژی پزیشــکی بــەوە دەزانێ کە خوێندکارەکان فێری سلامەت و خۆشبژیوی بن. کانت ڕوونــی دەکاتەوە بناغەکانی ژیانی کردەییی ئەخلاقی لەســەر ئەوەیە کە ئێمە چۆن دەبێ پرســەکانی ســلامەت فێر بین؛ کانــت پێشنیارگەلێکیشــی هەیە بۆ وێنە بۆ بڕوای بەوە نییە کە دەست و قاچ دەبێ گەرم ڕاگیرێــن، بۆ بێخــەوی ڕوودەدا، ئێمە چۆن دەتوانین لە ڕێگەی عەقڵەوە بەســەر هەستە نەخۆشانەکانماندا زاڵ بین، و بۆچی سەرئێشە زۆر خراپە. ئەوە بەشــێوەیەکی سەیروسەمەر ئاکامێکی نووراســتێنێک (لاوازی عەسەبی) لە گوتاری عەقڵی گشــتییە و دەڵێ جەستە و خواستە ئاســاییەکانی ڕۆژانەی، جۆرێک لــە تەواوکــەری پێویســتن و ڕەخنەیەکی ناڕاســتەوخۆ ســەبارەت بە حەیوانی مرۆیی کە نیشــتەجێی تەنیاییی مەڵبەندی عەقڵی گشــتییە؛ دەهێنێتە ئاراوە. جەستە شوێنی نا-عەقڵییەکــی (نەبوونــی عەقڵانییــەت) تاکەکەسییە، و دەتوانین ئێستاش نیشانەکانی بخوێنێنینەوە و بیر لە ئاگاداری لێی بکەینەوە. چۆن ئەو ڕەنگدانەوەی جەستە بەو چەشنەی کانت بە واتای عەقڵ بە ئاشکریی پشتیوانیی لــێ دەکات و باســی دەکا؛ شــێوازێک یان ڕەهەندێک لە بیرکردنەوە ساز دەکات؟

زایەڵەکانــی فۆکۆی دواییــن بە ڕوونی دەبینــرێ، کاتێک فۆکــۆ پەیوەندیی نێوان ڕەخنــە و بەرهەمهێنانی خود ســاز دەکات و لــە دوا بەرگی مێــژووی سێکســوالیتە، خــود فۆڕمێکــی نــوێ بەخــۆ دەگــرێ و بەرهەمهێنانی خود بــەرەوە ئاگاداری کردن لە خــود دەگــۆڕدرێ. لێرەدا بەســتێنێک بــۆ ســەرنجدان بە زایەڵەی نێــوان کانت و فۆکۆ ســەبارەت ڕێســای ئاگاداری لە خود ســازدەبێ. هەرچەندی عادەت و نەریتەکان لەگەڵ ڕەخنە تێکەڵ بن، دەرگای خواست و ڕاســتییەکی مێژوویی دەکرێتەوە. ئەوە نە لە تواناییی عەقــڵ و نە لە ڕەهەندە زاتییەکانی مرۆڤایەتی پێڕەوی دەکات. ئەوە لە کۆمەڵێک ڕووداوی وەســەریەک کەوتــووی مێژوویی و پێکهاتنــی گرێبەســتگەلێک کە ســووژە ســاز دەکات پەیڕەوی دەکات؛ لەبەرانبەردا دەرگایــەک لە کۆمەڵێک لەو شــتانەی کە

لە ئاسـۆیەکی مێژووییدا هەن دەکاتەوە. ئەو نۆرمانـەی کە ڕەهەندگەلێک بۆ فام کردن و ناسینەوەی سووژەیەک دادەمەزرێ، خۆشیان دەچنە ژێر پرسـیارەوە و زۆربەی ئەو بنەما کۆمەڵایەتییانەی بۆ تێگەیشـتن لە سـووژە هەن دەکەونە مەترسـییەوە کاتێک دەچنە ژێر پرسـیارەوە و ئەوەش لە چرکەساتێکدا کە نۆرمە مێژووییەکان لێپرسـینەوەیان لێ دەکرێ. خاڵـی گرینگ ئـەوە نییە لەگەڵ ئەو ڕیسـکە (ئـەوە نۆرمانەی کـە دەکەونە مەترسـییەوە) بمێنییەوە یان ئەوەی وەکوو شـێوازێکی ژیان پێشـوازییان لـێ بکرێ؛ بەڵام دەبێ ئیمکانی ڕەخنـە لە بەرانبەر بە دەسـتێوەردانەکان و ئـەو خواسـتانەی کە لەلایەن دەسـەڵاتی ناڕەواوەوە یان لە ڕێگەی ناڕەواوە دێنە ئاراوە زیندوو بمێنێتەوە.

خوێندنەوەیەکی ستاندارد لە فۆکۆ باس لەوە دەکات کە ئـەو کەمتر پێی خۆش بوو سـەبارەت بە چۆنێتیی جیـاوازی لە نێوان «ڕەوایی» و «ناڕەوایی»ی سەپاندنی دەسەڵات پرسیار بکرێ، تاکوو ئەو ڕەهەند و شەرتانەی کـە هێز کاری پێدەکات شـی بکاتەوە، من دەمهەوێ پێشـنیار بکەم کە ئەم دوو بابەتە ناکـرێ بە تەواوی لێـک دابڕێن. لەوەی کە «ڕەخنە چیە؟»، فۆکـۆ ڕەخنە لە دوو بواری جیاوازی دەسەڵاتی زاڵەوە هەڵدەسەنگێنێت. یەکەمیان عەقڵانیەتی ڕێژیمەکانە، دووهەمیان حاڵەتگەلی پابەندبوونی دەوڵەتەکانە[١٨]. فۆکۆ ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو شتەی ئەو دەگەڕێ بۆ پێناسەکردنی ڕۆشنگەری، ڕێک شتێکە کە لە نێو دەستەواژەکەیدا بیری لێ نەکراوەتەوە (و سەرنجراکێشـە بگوتـرێ کە بـۆ دێریدا جێگرەوەی ڕەخنـە، بیرکردنەوەیە و دووبارە پێناسـەکردنی ڕەخنە لە نێـو فۆکۆ دەبێتە لێپرسـینەوە). لـە ڕوانینی فۆکـۆوە ڕەخنە بە لێپرسـینەوە لە داخـوازی بۆ گوێڕایەڵیی تەواو و لێپرسینەوە لە دەروەستی داسەپاوی دەوڵەت لە مەڕ سـووژەکان بە مەبەسـتی

هەڵسەنگاندێکی عەقڵانی و زایەڵەیی دەست پێدەکات. کەواتە ئەو، بناغەکانی ڕەخنە زۆر ڕادیکاڵتر لە کانت دادەڕێژێتەوە. سـەرەڕای ئەوەی کـە فۆکۆ بەدوای گەڕانەوە بۆ عەقڵی کانتـی نییە، بەو حاڵەشـەوە ئەو پرسـیار دەکات کە چ پێوەرێک کام شێوەگەلی عەقڵ سـنووردار دەکاتـەوە و کە واتە پرسـیاری گوێڕایەڵی دەتوانێ بێتە ئاراوە. چ شتێک ئەو پێوەرە ساز دەکات و بە کام کەرەستە دەبێتە شـتێکی دەروەسـت هێنەر؟ چ شتێک ساز کـردن و بە کردەوەیی کردنـی ئەو پێوەرە پێکدەهێنێ؟ گەلۆ ئەمە پێویسـتەو دەتوانێ بگۆڕرێ؟ کاتێک ئێمە سەرنجی ئەوە دەدەین کە چۆن بەسـتێنی ڕەوایی عەقڵ سەبارەت بە گوێڕایەڵی یان گوێڕایەل نەبوون سنووردار دەکررێت، ئێمـە خەریکی ڕامان لە مەرج و سـنوورەکانی عەقڵانیەتین. توانایی ئێمە لە سەر ناسـین یان تەنانەت ژێر پرسیار بردنی سنوورەکان شتێکی مسۆگەر نییە ئەگەرچی لە دەرەوەی عەقڵدا بێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە ئێمە لە دەرەوەی کۆمەڵێک لە گرێبەستەکان کە عەقڵانین سنووردار کراوینەتەوە. هەروەها پرسیارگەلێک دێنە ئاراوە، کەواتە ئێمە کێین ئەگـەر لە نێو گەمەکەدا نیـن؟ ئەم ئێمەیە چۆن دەشـێت (چۆن مومکین دەبێت)؟ کێ ئەم پرسیارە لە بواری دامەزراوی عەقڵانیەت دەپرسێ؟ قووڵاییی ڕاسـتیی ئەم پرسیارانە ئەوە نیشـان دەدات کە لێرەدا قسەکردن و لێکۆڵینەوەیـەک بوونی هەیە، هەر بەو پێیە، لەرووی ڕێتۆریکەوە ئێمە لەگەڵ دژوازییەک دەمێنینـەوە چونکە پرسـیاری سـەبارەت بە ڕەواییـی عەقڵ سـنووردار کراوەتەوە و ناتوانێت لە نێو ئەو بوارەدا بێتە ئەژمار کردن.

بەو پێیە فۆکۆ ڕەخنە لـە بەرانبەر هەر دوو حاڵەتـی عەقڵانییـەت و کۆمەڵێـک پابەندبوون دەکات، کە بە کردەوەی تایبەتی دەسەڵاتی دەوڵەتی بەسەریاندا سەپێندراوە. ئـەم دووانەیە بە ڕوونـی پەیوەندییان هەیە

پێکەوە بەڵام پەیوەندییەکی هۆ و هۆکردیان نییــە. حاڵەتگەلی عەقڵانی بە شـێوەیەکی یەکلایەنە پابەندبوونی دەوڵەتی سـاز ناکەن و ئەم پابەندبوونە دەوڵەتییانەش بە شـێوەی یەکلایەنە حاڵەتی عەقڵانیەتی پێک ناهێنن. هەروەهـا بۆ پرسـیار کردن سـەبارەت بە دەسەڵاتی دەوڵەت دەبێ بتوانرێ بەرزتر لەو بوارە فکرییە بیر بکرێتەوە کە ئەو دەسـەڵاتە دایمەزراندووە و باوەڕیان بەو دەسـەڵاتەیە. ڕەخنە لە دەسـەڵاتێک کە خـۆی موتڵەق نیشـان دەدات، تەنیـا دیاریکردنی بۆچوون نییە، بەڵکوو پێناسـە کردنـی پێگەیەکە بۆ کەسێک لە دەرەوەی پانتایی سەڵاحییەتی بووناسـانەی ئەو دەسـەڵاتەیە. ئەگەر ئەو بوارە جۆرێک لە عەقڵانیەتی سیاسـی سـاز بکات، کەسـێک ببێتە ڕەخنەگر، عاقڵ یان دوور لە عەقڵ؛ سـووژەی سـەرکێش لەنێو ئـەو دەسـتەواژە سیاسـییەدا ناتوانرێ فام بکـرێ. کەواتە فۆکۆ وا بیر دەکاتەوە کە ئەم چەشـنە بەدواداچـوون و لێکۆڵینەوانە، واتە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی، چەشنێک بوێری و بێباکی لەخۆدەگـرێ. هەر بەو پێیەیە کە وەهـا بۆچوونێکی ڕەخنەگرانـە دەرفەتێکی نوێ دەرەخسـێنێت بۆ ساز کردنی بابەتێک یان ئەو شـتەی کە لە هەندێک کاتدا وەکوو سووژەی نوێ نێوی دەبەن. دەکرێ بگوترێ شتێکە کە لە ڕووی پێناسە کردنەوە لانیکەم لە سـەرەتاوە پەیوەندیەکی ناڕوونی لەتەک بارودۆخـی هەنووکەییـدا لەمـەڕ ڕەوایی و تێگەیشتندا هەیە.

هانا ئارێنت و کەسـانی دیکە سەبارەت بـەو بارودۆخە کـە لە ئەگـەری دەربڕینی ناڕەزامەندیـی ڕەوای خەڵکـی سـڤیل و سـەربازەکان بەرانبـەر بـە دەسـەڵاتی هەنووکەیی و ڕۆیشـتن بـەرەو بەکردەوەیی کردنی نافەرمانییەکی مەدەنی لە پەیوەندی لە تەک یاسـای باو، دێتە ئاراوە، پرسیاریان کـردووە.[19] ڕوانینی ئەو ئەوە بوو کە دەبێت بڕیارێکی ئەخلاقی بدرێت و لە بەشی خۆی بۆ کانت و نواندنەوەکانی سەبارەت بە خواست (ویسـتن)، هەڵگـری پێداچوونەوەیەک لە سەر مانای سـەربەخۆیی، جیاوازیی بیرورا، نافەرمانیی مەدەنی و تەنانەت شۆڕشـە.[20] بێ ئەوەی کە بمهەوێ ئەم بۆچوونە گرینگە لێرەدا بە تەواوی شی بکەمەوە، بەو حاڵەشەوە پێمخۆشـە جەخت بکەمە سەر ڕێگایەک کە تێیـدا ڕەخنە دەلکێت بە چەمکگەلی توندی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن. جوڵەیەک کە پێشنیار دەدات دەسەڵاتی ئێستا بخاتە ژێر پرسیارەوە بچێتە دەرەوەی بازنەی زانکۆوە و جێگاکەی بـۆ بەسـتێنێکی بەرینتـر واتە سیاسـەت بگۆڕدرێ.

دژایەتی لەگەڵ دەسـەڵات تەنیا دەست لە کارکێشانەوەیەکی پەتی نییە، ئەو دەکرێ زۆر زیاتر لە بـاس کردنی ورد و ڕێکوپێکی کردەوەیەکی کەلامی یان جۆرێک لە سازان بێـت، ئەو دژایەتـی و جیاوازیـی بیرورایە، دەتوانێ هەر دوو سووژەکە بگۆڕێ و تووشی مشـتومڕیان بکات و لە ڕووی مێژووییەوە جۆرێکـی دیکە لـە عەقڵانییەت دیسـان فۆرموولـە بکاتـەوە. کەواتـە ناڕەزامەندی پەیوەندییەکی گرینگ لەگـەڵ حاڵەتگەلی زانسـت ڕادەگرێ کە حاڵەتگەلی دەسەڵاتی دەوڵەت جومگەبەندی دەکاتەوە. لە لایەکی دیکـەوە ڕەزامەندی دەربڕیـن ڕەزایەتێکی ئـازاد لەخۆ دەگـرێ، تەنانـەت کاتێک کە ئـەو ئازادییە بە شـێوەی خودنواندنەیی فام نابێت. کەسێک بە پێی سەربەخۆیی تاکێک ڕەزامەندی دەرنابڕێ و یەکی دیکەش لەبەر سەربەخۆییی کەسێک ڕەزامەندی دەرنابڕێ. ڕەزامەنـدی کردەوەیەکـە کـە لـە ڕێگای ئەوەوە سـەربەخۆیی ساز دەبێت و بەهەمان شـێوە، ناڕەزامەندی ڕێگایەکە بۆ هەڵگرتنی ئازادانـەی ڕەزامەنـدی؛ کەواتـە خۆی لە لابردنی دەسەڵاتدا بنیاد دەنێ (کردەوەیەکە بـۆ پێکهێنانی جۆرێکی تایبـەت و دیار لە

ئازادی). ئەگەر لە شوێنیکدا دەرفەتی هەبوون بۆ هەردووکیان هەبێت، ئەوە لە دەرفەتگەلی مێژووییدا لەسەر یەک دادەنرێ کە وەها کردەوەگەلێک بە شێوەیەکی ئیجباری یان ئیمکانی ساز دەبێت.

لە چوارچێوەی نافەرمانیی مەدەنی یان سیاسی، هاندەر بۆ لابردنی ڕەزامەندیی تاک لە دەسەڵاتێکی پێدراو، هەوڵێک بۆ دامەزرانی سنووردارکردنەوەی دەسەڵات دەدرێ. هەر ئەمە دەتوانێ بە پێی چۆنیەتیی ساز دان و گشتگیر، ببێتە هۆی لێکۆڵینەوەیەکی ڕادیکاڵ لە سەر ڕەواییی دەسەڵات. هەمیسان، لێرە بە پێی پێناسەکردن هیچ بەشێک لە خود، بوونی نییە کە کۆنترۆڵ نەکرێ؛ لە هاتنەدەرێی خود لە چوارچێوەی تواناییی دەسەڵات، خود لە ڕێگەی کردەوەوە لە کۆنترۆڵ دەرچوویی خۆی بنیات دەنێت. دژبەری دەسەڵات خۆی بە کردەوە و لە ناو کردەوەدا بنیاد دەنێ. فۆکۆ لە پرسیاری «ڕەخنە چیە؟» یان لە شوێنی دیکەدا پێشنیاری ئیمکانی ئانارشیی ڕادیکاڵ نادات (هەرچەند ئەو بەستێنێک بۆ پەیوەندیی ئانارکیک(ئانارشیک) لەگەڵ یاسای هەنووکەیی ساز دەکات). کێشەکە بۆ ئو، ئەوە نییە کە سووەژەیەک پێک بێنێ کە بەردەوام بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ کۆنترول نەکراو بێت. پرسیاری، «چۆن نابێ کۆنترۆڵ بکرێ؟» هەمیشە پرسیارێکە سەبارەت بە ئەوەی کە چلۆن نابێ بەم شێواز و ئەو شێواز کۆنترۆڵ بکرێ (واتە ڕێگا و میتۆدی کۆنترۆڵ کردن). بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئەوە یەک پرسیاری چۆن نابێ کۆنترۆڵ بێ نییە. لە ئاکامدا، ئەوە پرسیارێکی تایبەتە کە لە پەیوەندی لەگەڵ فۆرمێکی تایبەتی دەوڵەت سەر هەڵدەدات و لەوانەیە لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی هەنووکەیی، جۆرێک لە ئانارشیی تاکتیکی و کاتیی باش ساز بکات. بەوپێیە، «چۆن کۆنترۆڵ نەکرێ، بە نێوی ئەو ڕێسایانە، بەو شتانە و لەم جۆرە ئامانجانەی نێو مێشک و بەم کەرەستەی فلانە شێواز، نە بەم شێوەیە، نەبۆ ئەو، نە بە دەست ئەوان.»[۲۱]

بەو پێیە ئەگەر ڕەخنە لە بەشێکی زۆریدا بەواتەی قبوول نەکردن و نکۆڵی کردنە؛ ئەوە گرینگە کە وەبیر بهێنرێتەوە شتێک بۆ دەستنیشان کردن و ڕۆح بەخشین (هاندان) ی کۆمەڵێک لە پێگە نوێیەکان بۆ سووژە بوونی نییە؛ ئەوە شتێکی داهێنەرانەیە و لەو ڕووەوە وەکوو نەفییەکی قەتعی لە چەمک و تێگەیشتنی هێگل کار دەکات. فۆکۆ ڕەهەندە نەرێنی و ئەرێنییەکانی ڕەخنەی ڕوون کردووەتەوە. بەڵام فۆکۆ ئەو شتەی ئێمە وەکوو جیاوازیی بیرورا (دژایەتیی بیرورا) پێی گەیشتووین جومگەبەندی ناکات. ئیزن بدەن با وەبیر بهێنینەوە کاتێک یاسا سوکرات (سوقرات) مەحکووم بە مەرگ دەکات، ئەوە شتێکی ناعادڵانەیە، بەڵام ئەو ئیزن نادا ڕەواییی دادگا بخاتە ژێر پرسیارەوە یان ئەوەی خودی دەوڵەت بباتە ژێر پرسیارەوە. ئەو قبووڵی ناکات هەڵێ ئەگەرچی دەیزانی کە سزاکەی ناعادڵانەیە، چونکە بەپێی قسەی خۆی ئەو هی دەوڵەتە (واتە دەوڵەت سێحەبی سوکراتە) و بوونی ئەو و ئیمکانی پەیوەندیی دوولایەنە، پەیوەندیی بە دەوڵەتەوە هەیە. بە بۆچوونی من ئەگەر فۆکۆ لەگەڵ وەها دۆخێک ڕووبەڕوو بووایەتەوە؛ بە شێوازێکی دیکە هەڵسوکەوتی دەکرد و بەرانبەر بەو یاسایە نارەزایەتیی دەردەبڕی و هەڵدەهات و شێوازێکی ڕەخنەگرانەی سەربەخۆی دادەمەزراند کە لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتیی دامەزراو جیاوازیی هەبوو. تێگەیشتن لە ئازادی دەبێ وەکوو بەشێک لە وەها دژایەتی کردنێک فام بکرێ، کە تەنیا بەرانبەر بە وەها یاسایەک نارەزایەتی دەرنەدەبڕی، بەڵکوو ڕەواییی وەها دادگایەک -کە بڕیاری لەسەر بناغەی ئەو ڕەواییە داوە-ی دەخستە ژێر پرسیارەوە (بۆ وێنە گەندەڵیی لاوەکان).

بەڵام لەو بارەیەوە، من بە شـــێوازێکی دیکە بیر دەکەمەوە؛ قبووڵ نەکردنی یاسا و خستنە ژێر پرســـیاری ڕەواییی وەهـــا دادگایەک، بە حەتمی لەو یاســـایانەی کە دەوڵەت داینـاوە سەرچاوە ناگرێ، ئازادیی نارەزایەتی و دژایەتی کردن چەمکێکی تەواو و بێ عەیبی ئایدیای دیموکراسییە کە دەوڵەتەکان پشتیوانیی لێ دەکەن. گەرچی دژایەتی کردن لە هەندێک کاتدا دەتوانێ فۆرمێکی دیکە بەخۆی بگرێ، بۆ وێنە کەســـێک لەبەر ستاتووسی ویژدانی نارازییەک لە ژێر کاریگەریی یاسا دانراوەکان، دەتوانـــێ هەڵگری فۆرمێـــک بێ کە لەلایان دەسەڵاتەوە ئیزنی پێنەدرابێ (واتە دەسەڵاتی پێنەدرابێ) کە ڕەزامەندی لێ ستاندراوەتەوە. و ئەوش دژایەتی کـــردن (جیاوازیی بیرورا) لەناو بەستێنی یاسایی نێوخۆیی سیاسەتی دیموکراتیـــک و وەکوو پرەنســـیپێکە کە لە سیاسەتە دامەزراوەکاندا هەیە، دادەمەزرێنێ و دەتوانـــێ ڕوو بـــدات. بەواتایەکـــی دیکە لێرەدا پەیوەندییەک لـــە نێوان نارەزایەتی و جیاوازیی بیرورا لەگەڵ مافی شۆڕش کردن هەیە، ئەوش شـــتێکە کە مـــن لەبەر هۆی کات هـــەر ئەوەندە ئامـــاژەی پێ دەکەم؛ بێ شک پێویست بە گەڕانەوەیەک بۆ پەیوەندیی نێوان کانت و ئارێنت هەیە.

هۆکارێـــک کـــە کانت پێی وابـــوو نابێ مشتومڕی نێوان کۆلێژەکان کۆتایی پێ بێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئەم شتە کردەوەیەکی ڕەخنەییە. دەبێ سەرنج بە «حوکم و فەرمانە دەوڵەتییەکان سەبارەت بە پەروەردە کە دەبێ لەبەر دمی کۆمەڵگادا بێ» بدەین. فەلســـەفە وەکوو ڕواڵەتی میلیشـــیایەکی دژە دەوڵەتە، کانت دەنووســـێ «کۆلێژی فەلسەفە هەرگیز ناتوانێ پشتئەســـتوور بە خۆی بێت، کاتێک لەگەڵ مەترســـییەک ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە ئەو حەقیقەتەی کە بەرپرســـییەتی دەخاتە ژێر مەترســـییەوە، چونکە کۆلێـــژە باڵاکان [ئەوانـــەی وا پەیوەندییـــان لەگـــەڵ هێزی دەوڵەت هەیە] هەرگیز دەســـت لە خولیای خۆیان بۆ دەسەڵاتداری هەڵناگرن.

سەرنجراکێش ئەوەیە کە مافی دژایەتی کردن دەبێ لەلایەن دەوڵەتەوە دابین بکرێ. بـــەڵام کاتێک کـــە دەوڵـــەت نەتوانێ مافی دژایەتـــی کردن ئامادە بـــکات، ئەوە دەتوانێ ببێتە بنەمایەک بۆ ڕەخنە گرتن لە ڕەواییی دەوڵەت. ئەو کارە پێویســـتی بە پشتیوانیی سازییەیە، ئەوە هەروەها بنەمایەکە کە ڕەخنە لە ســـازییەش دەتوانـــێ و دەبێ پێش بچێ. بـــەو مانایە کـــە، هیچ یاســـایەکی دەوڵەتی مافـــی دژایەتی کردن پاســـاو نادات. کاتێک کە دەوڵـــەت ماڤی دژایەتی کـــردن دەدا و دەیپارێزێ، شـــێوازگەلی تایبەت بۆ مژارەکە دەگرێتە بـــەر، دەوڵـــەت کردارێکی تایبەت بە خۆشـــی دەکا کە ئـــەوەش تەناهییەکی ڕەخنەگرانەیە. لـــەو ڕووەوە دەوڵەت کارەکە دەکات، جیاوازیـــی بیـــرورا ئامـــادە دەکات، بەڵام لەو ئامادەسازییەدا کاتێک کردەوەکانی ســـنووردار بکرێتەوە لە دۆخەکە چاوپۆشـــی دەکات. ئەو ســـنووردار بوونەوەیە (قەتیس مانەوەیـــە) دەتوانـــێ لـــە جومگەبەندییەکی سەرکەوتووانەی جیاوازیی بیروراوە (دژایەتی کـــردن) وەرگیرابـــێ، ئەوە نیشـــان دەدا کە شـــێوەی فەرمان و سیاسەتەکانی حکوومەت ناڕەوایە، لەو ڕووەوە ئەو سنووردار بوونەوەیە (قەتیس مانەوەیە) بەرهەمی دژایەتی کردنێکە تاکوو قبووڵ کردن وەدەست بهێنێ. گەرچی دانی مافی دژایەتی کردن نمایشـــێکی هێزە، بـــەڵام کردارێکە کە لـــەودا هێزیش بۆخۆی دەبێتەوە بە مژاری لێکۆڵینەوە. بە بۆچوونێکی دیکە، دەوڵەت بە دانی مافی دژایەتی کردن، ڕەواییی خۆی بە دەســـت دێنـــێ، بەڵام بۆ پەرەپێدانی دژایەتی کردن دەبێ تا ئاستێک بـــێ کـــە نەتوانێ دۆخـــی دژایەتـــی کردن کۆنترۆڵ بکات، ئەو پرســـە هەروەها دەبێتە هـــۆی خراپتـــر بوونـــی ئیددیعاکانی خۆی، هەڵپەســـاردنی فەرمانەکانی خۆی و تەنانەت

پاشەکشەکردنی یا پێکهاتن لە حاکمییەتیش دەگرێتەوە. لەو سەردەمەی کە تیوریی حاکمییەتی کارل شمیت بە هۆکارگەلی جیاواز سەرنجی تیۆریکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، ڕەنگە بیری دژایەتی لە پێچەوانەی ئەندیشەی حاکمییەت ببێت. لە حاڵێکدا کە هێزی حاکمییەت لەوانەیە پشتیوانی و مافەکانی خۆی وەر بگرێتەوە و خۆی لە هەر چەشنە ماف و بەرپرسیارەتییەک کە لە لایەن یاساوە ئاسایی بووتەوە، دوور بخاتەوە و سەربەخۆیانە کار بکات، دژایەتییەکان ڕێک ئەو کاتەن کە دەوڵەت ئیددیعای حاکمییەتی خۆی وێک دێنێتەوە یا دەستوور و فەرمانە حاکمییەتییەکانی خۆی دەکاتەوە تاکوو چێک بکرێنەوە واتە لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر بکرێ تاکوو کەسانێک بە شێوازێکی عادڵانە حکوومەت بکەن. هەموو شتیک پەیوەندیی هەیە بەوەی کە دەوڵەت دەتوانێ دۆخەکانی دژایەتی بەڕیوە ببات (مودییریەت بکات) یا ئەوەی کە بۆچوونگەلێک وەک بۆچوونی یاغی دادەنێ و کەسانێک هەن کە دەتوانن فۆڕمەکانی هێز کە بڕیار بوو لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانە بەدوور بن، بخاتە ژێر پرسیارەوە.

بە دڵنیاییەوە، بواری هێز ناکرێ بە دانی فەرمانەکان یا سیاسەتگەلی دەوڵەت کورت کرێتەوە، بۆیە ململانێ بۆ بیر کردنەوەسەبارەت بە چۆنییێتیی هەڵسوکەوتی هێز لە بواری ئاکادێمیکی ئەورۆدا ساز دەبێت و دەبێتە کەڵکەڵەی هەموو ئەو ئاژانس و کردەوە نادەوڵەتییانەی کە هەوڵیان ئەوەیە سنوورەکانی خۆیان داسەپێنن و ئیدارەی کارە ئاکادمیکەکان وە ئەستۆوە بگرن. بەو پێیە، جێگای سەرنجە زۆریەک لە پێگە پرمشتومرەکانی ئاکادمیک بۆتە هۆی ناکۆکی سەبارەت بە مانا و چوارچێوەی ئازادیی ئاکادمیکەوە، و لە ڕەواییی هەندێک لە بەرپرسانی دەوڵەتی ورد بوونەتەوە. ئەوەش دەبێ بگوترێ کە چەند مژاری گرینگ و پرۆبلماتیک سەبارەت بە ئازادیی ئاکادمیک هەیە کە تێدەکۆشێ کۆنترۆڵی شەرعیی بە سەر زانست و توێژینەوە ئاکادمیکەکاندا هەبێ کە ڕەنگدانەوەی باوەڕە دینییەکانە. هێزی کلیسا و لابییە سیاسییەکانی ئەوان لێرەدا مەبەستە. چەند بۆچوونێک هەن کە بەڕاست لە بەرانبەر ئەو حاڵەتە سەرکەشانە ڕاوەستاون، بۆچوونگەلێک کە سەبارەت بە ڕەواییی هەنووکەییی ئەوانە هەیە. بە ئاشکرایی ئیسرائیل یەکێک لەو وڵاتانەیە و باس کردن سەبارەت بە ئیسرائیل لە ئاکادمیاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا شڵەژاوییەک دێنێتەگۆڕێ کە چ شتێک ڕەخنەی ڕەوا ساز دەکات و چی دەکەوێتە خانەی ڕەخنەی ڕەواوە بێ ئەوەی کە زەربە لە یەک بدەن و لێک جیا بکرێنەوە. کەسانێک کە دەپرسن ئیسرائیل بە کەڵک وەرگرتن لە چ مافێک و بە چ کەرەستەیەک، مافی ئەوە بە خۆی دەدا کە بە بۆنەی بڕوا بە بنەما ئایینییەکانەوە بۆ مافی شارۆمەندی (ئاستە جیاوازەکانی شارومەندی کە بەرژەوەندی بۆ دیموگڕافی جووەوە هەیە بپارێزرێ) ڕەوایی هەبێت. بە ئاشکرا لە بارەی چۆنیەتی و هۆکاری لۆژیکی بۆ شەرعیەت بەخۆ دانی دەوڵەتێک پرسیار دەکەن. کەسانێک دەستبەجێ گومان لەو پرسیارە دەکەن و دەڵێن کە پرسینی ئەو پرسیارە دەبێتە هۆی ڕەوا نەبوونی دەوڵەت و ئەوەی کە حەشیمەتی جوو لەبەرانبەری هەڕەشەیەکی نوێدان. بەڵام بمانهەوێ و نەمانهەوێ پرسگەلێکی وەکوو ئەمانە دێنە ئاراوە، واتە کەسێک بیهەوێ لە سەر بنەماکانی پێشوو پشتیوانی لە دەوڵەتی ئیسرائیل بکات یا تەنانەت کەسێک بیهەوێ فۆڕمی ئێستای ئەو دەوڵەتە بباتە ژێر پرسیار تا گۆڕانکاریگەلێک بێنێتە ئاراوە و بڵێ لەوانەیە جۆرە دەوڵەتێکی دیکە لەو وڵاتانەی جێگای مشتومڕن، دەسەڵاتدار بن. ئەو شتێکی باشە کە ئەو پرسانە بەردەوام بێنە

ئاراوه و دیبەیتیان لەســەر بکرێت، بۆ گومان لە پرسیارەکان یا کۆتایی هێنان بە بابەتەکە، دەبێت بڵێین کە بابەتــی ڕەوایی دەبێ وێنا بکرێ بەڵام نەســەلمێت و ئەوە ڕێک ئەوەیە کە پشــتیوانی لە فۆرمی ئێستاکە دەکرێ و دەچێتــە پێگەیەکی دوگمــەوە و پێگەکانی دیکە بە سەرکەش دەناسرێن. ڕەنگە کەسێک بیهەوێت ســەبارەت بــە «توانایی ژیان»ی دەوڵەتگەلی دراوســێ ئیســتدلالی سیاسی بێنێتەوە، بەڵام کەســێکی دیکە پێی باشــە کە پرســیارەکە بەرفرەتر کەینەوە کە چۆن و کەی دەوڵەتەکان ڕەوایی بۆ خۆیان ســاز دەکــەن. گرینگیش نییە بــە چ ئەنجامێکی سیاسی دەگەین، ئەنجام لە ڕێگای کردارێکی ڕەخنەگرانەوە بە دەست دێت، بەو مانایە کە دەتوانین هەر پرســیارگەلێک سەبارەت بەو شــتانەی کە ڕەوایی ئــەو دەوڵەتە یا هەر دەوڵەتێکی دیکە ساز دەکەن بپرسین. ئەگەر نەتوانین پرســیارگەلێک بێنینــە ئاراوە کە دەوڵەتێکی دیاریکراو بــە چ مافێک و بە چ کەرەســتەگەلێک، ڕەوایی خۆی بە دەست هێناوە، لەو حاڵەتەدا ئێمە نە ڕەخنە، بەڵکوو بۆچوونە جیاوازە دژەکانیشمان لەناو بردووە، بەبێ بەســەر چوونی ئــەو قۆناغانە، ڕەوایی ناتوانێ ڕوو بدات.

ئەوە لۆژیکییە کە مژارێک ســەبارەت بــە ئیســرائیل (بــێ ئــەوەی ڕەوایی بە داگیرکــردن بــدرێ)، دەتوانــێ ناوەندی مژار و ئاڵوگۆڕی بیر و بۆچوون ســەبارەت بە ئازادیی ئاکادمیک ســاز بــکات. ئەگەر ئازادیی ئاکادمیــک پەیوەندیی بە ڕەخنەوە هەبێ، و ڕەخنەش بەو پرسەوە کە ڕەوایی دەوڵەتەکان چۆن ساز دەبێ، پرسیارگەلێک کە هاتوونەتە ئاراوە ســەبارەت گوێڕایەڵیی ئیســرائیل و بێبەشیی فەلەســتینییەکان، سەلمێنەری ئەوەن کە ئەو باسە وێنەیەکی باشــە بۆ تاقی کردنەوەی ئــەوەی کە ئایا ئــازادی، نموونەیەکــە بۆ ئــەوەی بتوانین بڵێین ڕەخنە دەتوانــێ لە ناوەندی ئازادیی ئاکادمیکدا بەردەوام بمێنێتەوە یا نە.

بــەو حاڵەشــەوە هەموو ئــەو تێرامانانە دەکەونە مەترسییەوە، واتە ئەو پرسیارانە کە ئێمە دەتوانین ڕەخنە وەکوو شتێکی جیاواز لە کرداری ڕووخاندن، نا-وتن ، نیهیلیسم یا گومان و دوو دڵی بــێ ئەندازە، ببینین. ئایا ڕەخنە ناتوانێ شۆڕشــێک لە ئاستی ڕێبازدا بێ؛ بێ ئــەوەی کە ئێمە مافــی دژایەتی و پرۆســەی ڕەوایی دەستەبەر بکەین؟ کاتێک کە داخوازیی ڕێگەپێدراو بە ســەرنجدان بەو پرســیارانەی کە ئاراســتەی دەکەن قبووڵ ناکرێ و متمانەکەیان لێ وەردگیردرێتەوە(بێ هیــچ ئاماژە پێدانێک دەگەنــە ئەنجامەکە و رایدەگەیێنن)، لەو کاتەدا دەبێت بپرســین کە بواری قســە کردن و بواری ئەو شتانەی دەتوانرێ پرســیاریان لێ بکــرێ بۆ کورت کردنەوەی مــژاری ڕەخنە و دژایەتی کردن، بۆ نیشــاندانی پاســاوی گونجاو لە بەرانبەر بۆچوونگەلێک کە هی ئێمەیە، بەری گیراوە یا نە؟ بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو مژارە، لە پێشدا دەبێــت وتووێژگەلــی ئاکادمیک و گشــتی قەبووڵ بکرێــن. ئەوان دەبێت وەکوو بۆچوون لەبەرچاو بگیرێن.

پێویستە کۆمەڵێک پرســیار سەبارەت بە مانــای ڕووخاندنی - دەســتەواژەیەکە بــە مێتۆدگەلــی گێژکــەر و تۆقێنەر پەرە دەســتێنێ- یەک دەوڵەت و هەلومەرجی ڕەواییــی دەوڵــەت بــەرز بکرێتــەوە. ئایا پەرەپێدانــی مافی شــارۆمەندی لە ڕێگای کەرەســتەگەلی فەرمــی و یاســایی یا لە ڕێگای هەوڵدانە نوێیەکانی یاسای بنەڕەتی وەکوو ڕووخاندنی یەک وڵات یان خەڵکە؟ ئەو ئەنجامە ترســناکە چۆن ڕوویداوە و ئایا ئەوە نابێتە بەربەســت لەبەرانبەر پێشکەش کردنی پرســیارگەلی بنەمایی ســەبارەت بــە بەرابــەری و دادپــەروەری؟ ڕەنگــە چەشــنێکی دیکەی لێکۆڵینەوە پێویســت

بێت تا بزانین ڕێک چ شتێک هەوڵ دەدات تا بیرمەندان و ویژەران لە ڕێگەی کەرەستەگەلێکەوە کە بایەخگەلێکی زۆر دیموکراتیک بە نێوی ئەوانەوە سانسۆر دەبێ، و ئەو شێوازە بیرە یەکپارچەیەی کە لەگەڵ جۆری بۆچوونگەلێک کە بێ ڕەخنە بووە و بە سیاسەتەکانی دەوڵەتەوە وەفادار بووە، سنووردار بکرێتەوە. کاتێک کە بۆچوونی سەرکەش دەناسین و ڕەتی دەکەینەوە، ئەو خاڵە لە دەست دەدەین کە تەواوی پرسیارە بنەماییەکان سەبارەت بەگرێبەستگەلی ئێستا زاتەن سەرکێشن. ئێمە نەریتی سوکرات و کانت لە دەست دەدەین، کارمان بە دریداو فۆکۆ نییە، چونکە پرسیارگەلێک کە دەتوانن بۆچوونی ڕەخنەیی سەبارەت بە دەسەڵاتی دەوڵەت و بەرپرسیارێتیی حکومەتی ساز بکەن، لە پرسین قەدەغە کراون. ئێمە بە بۆنەی دەسەڵاتی هەنووکەیی بێ دەنگ کراوین، بەڵام بە شێوازێکی پاڕادۆکسیکاڵ، بووینەتە سووژەگەلێک کە بێدەنگی و خامۆشیی سیاسیمان بۆتە شێوازێک لە بووندارێتیمان و بوونمان دیاری دەکات.

*.Butler، J (2010) Critique, dissent, disciplinarity. Critical Inquiry 35(summer): 773–795.

## سەرچاوەکان

١. بڕوانە گەڵاڵەی مافەگەلی ئاکادمیک:
www. studentsforacademicfreedom. org/abor. html
2. declarative
3. skeptical
4. self-legitimation
5. Immanuel Kant, Critique of Pure Reason, trans. Norman Kemp Smith (London, 1982), p. 32.
6. Kant, “An Answer to the Question: What Is Enlightenment?” trans. James Schmidt,in What Is Enlightenment? Eighteenth-Century Answers and Twentieth-Century Questions, ed. Schmidt (Berkeley, 1996), pp. 58–64, and Michel Foucault, “What Is Enlightenment?” trans. Catherine Porter, The Foucault Reader, trans. Josue´ V. Hasari et al. , ed. Paul Rabinow (NewYork, 1984), pp. 32–50; hereafter abbreviated “W. ”
7. Kant, “An Answer to the Question: What Is Enlightenment?” p. 59.
8. Kant, The Conflict of the Faculties, trans. Mary J. Gregor (Lincoln, Nebr. , 1992), p. 43.
9. self-definition
10. doxa
11. (“W,” p. 35)
12. Foucault, “What Is Critique?” trans. Lysa Hochroth, in The Political, ed. David Ingram(London, 2002), p. 192. For an elaboration of the idea of critique, see my commentary “What IsCritique? An Essay on Foucault’s Virtue,” in The Political, pp. 212–28. See also Butler, “What Is-Critique? An Essay on Foucault’s Virtue,” The Judith Butler Reader, ed. Sara Salih (Malden,Mass. , 2004), pp. 302–22.
13. See Foucault, Fearless Speech, trans. Joseph Pearson (Los Angeles, 2001).
14. Bruce Robbins
15. Bruce Robbins, “Less Disciplinary Than Thou: Criticism and the Conflict of the Faculties,” Minnesota Review n. s. 45–46 (1995–96), www. theminnesotareview.org/journal/ns45/robbins. htm
16. knowledge
17. David Horowitz
١٨. سەرنج بدە فۆکۆ:
“What Is Critique? “
19. See Hannah Arendt, “Personal Responsibility under Dictatorship,”Responsibility and Judgment, ed. Jerome Kohn (New York,2003), pp. 17–48
20. See Arendt, “Thinking and Moral Considerations,” Responsibility and Judgment, pp. 159–89, Hannah Arendt: Lectures on Kant’s Political Philosophy, ed. Ronald Beiner (Chicago,1992), and “Civil Disobedience,” Crises of the Republic (New York,1972), pp. 49–102.
21. Foucault, “What Is Critique?” p. 193